

# بەشێک لە دیمانە و وتارەکانی

## هاوڕێ ڕۆژە عەزیزی

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

١- گرینگیی ڕۆڵی ژنی کورد لە خۆپیشاندانەکانی گەلانی ئێراندا........................................................ ٣
٢- پێگەی ژنی کورد لە سیاسەتدا دوای ٧٦ ساڵ لە دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان................. ٦
٣- وەڵامی هاوڕێ ڕۆژە عەزیزی بۆ کارو چالاکییەکانی ڕەحمان نەقشی................................................ ١٠
٤- ژن لە مەیدانی کاردا.............................................................................................. ١١
لە ئێراندا ژنان بە هۆی یەکێک لەم هۆکارانە ناتوانن کاربکەن:.................................................... ١٤
٥- هەڵاواردن و توندوتیژی دژ بە ژنان لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا و کاریگەری لەسەر ژنی کورد............ ١٧
٦- باهەر ٢٥ی نوامبر رۆژی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان نەبێ.......................................... ٢٣
٧- با تەنیا ٨ی مارس یادی ژن نەکەینەوە.............................................................................. ٢٥
٨- هەڤپەیڤین بەبۆنەی ٨ی مارس................................................................ ڕەحمان نەقشی ..... ٢٨
٩- ئاسەواری تەڵاق لەسەر منداڵان................................................................................... ٣١
١٠- مەهناز تراژدیای ژیانی خۆی ئاوا باس دەکا..................................................................... ٣٤
١١- لەش فرۆشی ئەو دیاردەی بەرۆکی زۆربەی کۆمەڵگەکانی گرتۆتەوە................................................ ٣٩
١٢- بزوتنەوەکانی ژنان و کێشەکانی سەر ڕێگەیان................................................................... ٤١
١٣- یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان یادگارەکە ی کۆماری کوردستان........................................... ٤٥
١٤- ژن و هەستی بڕوا بەخۆبوون....................................................................................... ٤٧
١٥- کێ بەرپرسیارە لە مەڕ کوشتنی ژنان.............................................................................. ٥٠
١٦- کردستان و آذربایجان دارای شرایط و مشترکات فرهنگی، مرزی و جغرافیایی فراوانی هستند........................ ٥٣
١٧- کورتەیێک لە ژیاننامە "شەهید هاشم عەزیزی" باوکی هاوڕێ ڕۆژە عەزیزی........................................ ٥٨



سەرچاوە
Serchawe

## گرینگیی ڕۆڵی ژنی کورد لە خۆپیشاندانەکانی گەلانی ئێراندا

بابەتێکی گرینگ لەکاتی باسکردن لەبابەتی مافەکانی ژنان لە ئێران، وردبونەوە لە کێشە و کەمبوودەکانی ژنانە. کاتێک کەمبوودەکان دیاری دەکرێن، بەدڵنیاییەوە دۆزینەوەی چارەسەر ئاسانترە، کلیلی چارەسەری کێشەکانی هەر کۆمەڵگەیەک، دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکانە لە بنەڕەتدا.

سەبارەت بە بارودۆخی ژنان لە ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، دەکرێ بڵێین ژنی کورد تا ئاستێکی باش لەمەڕ ناسینی گرفت و کێشەکانی وەک ژنێک هۆشیارە. سەرکەوتووە لە دۆزینەوەی کەموکوڕییەکان و نابەرابەرییەکان لە کۆمەڵگەکەیدا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری کورد بوونی، ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە ژنی کورد ئەگەر جارێک بە هۆکاری ژن بوونی لە ئێراندا دەچەوسێتەوە، بەهۆکاری کوردبوونی دووجار دەچەوسێتەوە.

واتە ژنی کورد هەمیشە لە تەنیشت خەباتی خۆی بۆ یەکسانی کۆمەڵگە و بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەکەی شانبەشانی پیاوان لە شۆڕشی نەتەوەیی و یەکسانیدایە. ئەم بەشدارییەش باکگراوندێکی سیاسی و مێژوویی هەیە، بۆ نموونە بوونی ژنانی سیاسەتڤان و چالاک لە شۆڕشەکانی کوردیدا وەک حەپسە خانی نەقیب و مەستورە خانی ئەردەڵان و لەیلا قاسم و مینا خانمی قازی و سەدان ژنی دیکەی ناوداری کورد سەلمێنەری ئەم ڕاستیەن کە خەباتی یەکسانیخوازی لە ناو کورددا، زۆر لەمێژە گەشەی سەندووە.

بەڵام ئەوەی ئێستا لە ئێراندا ڕوو دەدات و بڵێسەی ئاگری شۆڕشێک هەڵگیرساوە، شۆڕشێکە بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕێژیمی ئێران، ئەوە خۆی دەگەڕێتەوە بۆ وشیاری و شۆڕشگێڕی نەتەوەی کورد، ناوی ژینا و کوردستان بوونە هەوێنی ئەم خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییە سەراسەرییانەی ئێران. بەدوور نییە ببنە بناغەی گۆڕینی سیستەمێکی دیکتاتۆریش. درووشمی ژن، ژیان، ئازادی لەلایەن گشت نەتەوەکانی ئێران و زمانە جۆراوجۆرەکانی جیهان دەگوترێنەوە، ئەم دروشمە بۆتە شوناسی ئەم شۆڕشە و دنیای تەنیووە.

وشیاری ژنی کورد سەبارەت بەمافەکانی وەک تاکێکی کۆمەڵگە لە دێرزەمانەوە باس کراوە، لە بچووکترین ئۆرگانی کۆمەڵگە کە چوارچێوەی خێزانەکەیەتی، هەر لە منداڵییەوە هەوڵی پەروەردەکردن و هۆشیارکردنەوەی دەدرێ وەک تاکێکی کوردی

مافخوراو لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیکتاتۆر و دوژمنێکی داگیرکەر. هەربۆیە کاتێک بچووکترین دەرفەت هەڵدەکەوێ بۆ بەرەنگاربوونەوە، ژنان لە بەرەی پێشەوەن.

بۆیە پێشڕەوبوونی ژنی کورد لەیەکەم ڕۆژەکانی ئەم نارەزایەتییانە شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا، پاراستنی کەرامەت و کەسایەتی ژنی کورد، لەلایەن هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاو لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەرکێکی ئەخلاقی و ئینسانییە. لەکاتی کەوتنە مەترسی هەریەک لەم پیرۆزییانە، هاودەنگ و دەست لە ناو دەست، کۆمەڵگەی کوردی بەرەنگاری نەیاران و دوژمن دەبنەوە.

ناکرێ بڵێین ژنانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران گرینگی بە مافەکانیان نادەن، یاخود هەوڵەکانی ئەوان کەمڕەنگ نیشان دەدرێن، بەڵام بۆمان ڕوونە لەماوەی نزیک سێ مانگی ڕابردوودا شێوازی هاتنە سەرشەقام و گوتنەوەی درووشمەکان و بەدەنگەوە هاتنی ئەوان ئەو جیاوازییەی دروست کردوە و پێمانوایە ژنانی کورد چەند هەنگاو لە پێشترن.

ئەگەر ژنانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بۆ نموونە ژنی فارس، هەوڵ بۆ لادانی حیجابی ئیجباری یان ئازادی پۆشین دەدا، ژنانی کورد لە کوردستان خوێن دەدەن بۆ ئازادی ڕادەربڕین و خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی و چەندین مافی سەرەتایی دیکەی زەوتکراویان. ژنی کورد لەقۆناغە جیاوازەکانی مێژووی خەباتدا، هەوڵی بەشداری سیاسی و گەیشتن بە ناوەندەکانی بڕیاردانی داوە، ئەمە دەریدەخات ژنی کورد بە جیهانبینی و ڕوانینێکی مۆدێرنانەتر، لە مەسەلەی مافەکانی خۆی دەڕوانێ و جیاواز لەژنانی گەلانی دیکەی ئێران بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی تێدەکۆشێ و بە بوونی ئایدلۆژییەکی دێموکراتخوازانە و دیاریکراو، ئاسانتر دەتوانێ بگات بەو ئامانجانەی هەیەتی. خاڵی پۆزەتیڤبوونی ئایدۆلۆژیای دێموکراسی، گەیشتن بە ئامانج ئاسانتر دەکاتەوە.

بەپێی لێکۆڵینەوە جیهانییەکان دەرکەوتووە، لە ئەم کۆمەڵگانەی ڕێژەی هۆشیاری ژنانیان لە ئاستێکی بەرزدایە، گەیشتن بە مافەکانی ژنان و یەکسانی جێندەری تا ڕادەیەکی بەرچاو باشترە. ڕەنگە لە زۆر لایەنەوە کۆمەڵگەی کوردی ئەو کۆمەڵگە نایابە نەبێ بۆ ژنی کورد، بەڵام لە بواری سیاسی و هۆشیاری بەرانبەر مافی تاک، لە ئاستێکی باشدایە. هەر کۆمەڵگەیەک ڕێژەی بەشداری ژنانی لە کاروباری سیاسی و ئاستی سەرکردایەتی باش بێت، بێگومان گەیشتنی ئەو چینە لە کۆمەڵگەش بە مافەکانی ڕێگەی زۆر دژوار نابێ.

بە هۆکاری بوونی حیزبە کوردییەکان و خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵات، ئاستی ئەم ئاشنایەتی و بەشدارییەی ژنان

لەچاو نەتەوەکانی دیکەی ئێران جێگەی دڵخۆشییە. خەباتی ژنان لە حیزبە کوردییەکان بەمەبەستی یەکسانی جێندەری خەباتێکی درێژخایەن بووە. لە سەردەمی دامەزراندنی یەکەم کۆماری کوردستان و دامەزراندنی ڕێکخراوەی تایبەت بە ژنان بە ناوی یەکیەتیی ژنان، سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن و بەشداری ژنان لەکاری ڕێکخراوەیی و حیزبی باکگراوندێکی مێژوویی هەیە، لەگەڵ ئەوەش لە دێرزەمانەوە ئەم ڕاستیە دەرکەوتووە، کلیلی گەیشتنی ژنان بە مافەکانیان لە خۆپێگەیاندن و گەشەسەندنی پەروەردەیی خۆیان و وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەتایبەتی چینی منداڵان و گەنجەکان دایە. بۆیە لەو دەرفەتانەی بۆ ژنان هاتۆتە بەردەست لە چوارچێوەی خەباتی نەتەوایەتیدا تا ئاستێکی باش ئەنجامی ئەرێنی بۆ ژنی کورد هەبووە.

لەگەڵ ئەوانەشدا دەکرێ بڵێم ئەو هەوڵانەی ژنانی ئێران بە گشتی دەیدەن بۆ گەیشتن بە مافەکانیان، جێگەی ڕێز و پێزانینە، چەوسانەوە و نابەرابەرییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ژنان لە چوارچێوەی وڵاتدا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە هەموو بوارە یاسایی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کەلتوورییەکاندا ڕوونە. واتە لە چوارچێوەی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و دژە ژنی وەک ئێران، بە دڵنیاییەوە ڕێگەی گەیشتن بە ماف و ئازادییەکان نییە، بۆیە بە یەکگرتوویی ژنانی وشیار و بەتوانا تەنیا ڕێگەی وەدەستهێنانی ئەم مافانە بە ڕووخانی ئەو ڕژیمە دەزانرێ و هەر ئاوا دەکرێ، ڕێگەی گەیشتن بە یەکسانی جێندەری و ئازادی ژن ئاسانتر بکرێ.

گرینگە ئێمە وەک ژنانی کورد هەوڵ بدەین هەستی بڕوابەخۆبوون و پشت بەستن بەتواناییەکانمان بەهێزتر بکەین، ئەو ئاستە لە خۆپێگەیاندن و شارەزایی ژنانی کورد بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە ئێران، جێگەی شانازییە. بەڵام ڕەنگە نەبوونی یەکگرتوویی یاخود نەبوونی هەستی متمانە بەخۆبوون، زۆربەی کات ڕێگر بێ لە دەرکەوتنی خاڵە ئەرێنییەکانی بزووتنەوەکانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەری یەکیەتی ژنان - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## پێگەی ژنی کورد لە سیاسەتدا دوای ٧٦ ساڵ لە دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

ئەمساڵ ٧٦ ساڵ بە سەر دامەزراندنی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستاندا تێدەپەڕێ، ڕێکخراوەیەک کە تا بە ئێستاش لەگەڵ یادکردنەوەی کۆماری کوردستان، ناوی لەگەڵ ناوی ئەو کۆمارەدا دێت. گرینگی ئەم ڕێکخراوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ٧٦ ساڵ لەمەوبەر کۆمەڵگەی کوردستان لە زۆر بوارەوە نەگەیشتبووە ئەو قۆناغە کە باسی یەکسانی نێوان ژن و پیاو بە باسێکی گرینگی کۆمەڵگە بزانێت. بەڵام دامەزراندن و بنیادنانی ڕێکخراوەیەک بە مەبەستی خەبات بۆ یەکسانی نێوان ژن و پیاو لەو سەردەمەدا، بۆ هەمیشە لە مێژووی کورد و کۆماری کوردستاندا بە گرینگیەوە یادی دەکرێتەوە. بەڵام دوای ٧٦ ساڵ لە دامەزراندنی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان، گرینگە چەند پرسیارێک لە خۆمان بکەین، بۆ نموونە کە پێگەی ژنی کورد لە دنیای سیاستدا لە ئێستادا لە چ بارودۆخێکدایە؟ ژنی کورد توانیویەتی شانبەشانی پیاوان لە مەیدانی سیاسەت دا بەشدار بێ؟ ئەو هۆکار و کەم وکووڕیانەی کە یەکیەتیی ژنانی بۆ دامەزرا، بە کوێ گەیشتووە؟ هەرچەندە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەشداری ژنان لە زۆر بواری دیکەشدا بە چاو بەشداری پیاوان جیاوازیەکی زۆری هەیە، بەڵام لێرەدا بە گرینگم زانی باس لە بواری سیاسی بکەم. بەشداری لە بواری سیاسیدا مافی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە لە هەر ڕەگەزێک بێت. هاوبەشی و بەشداری ژن و پیاو تا زیاتر بێ لە بواری سیاسی وڵات یان حیزبێکدا، سەلمێنەری ئاستی دێموکراسی ئەو حیزبە یان ڕێکخراوەیەیە.

ئەوەی جێگەی ئاماژەیە و ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە، ژنی کورد بە گشتی و ژنانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی تا بە ئێستاش نەیانتوانیوە ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە لە مەیدانی سیاسەتدا شانبەشانی پیاوان، هەرچەندە بە گشتی لەسەر ئاستی جیهانی ئەم بۆشاییە جێگەی سەرنجە. بەپێی یەکێک لە ئامارەکان کە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ساڵی ٢٠١٩ بڵاوکرایەوە سەبارەت بە بەشداری ژنان لە کاروباری سیاسیدا، دەریدەخات کە لە کۆی ١٩١ وڵاتی جیهان، ڕێژەی بەشداری ژنان لە کاروباری سیاسیدا تەنیا ٢٣%ە. هەرچەندە لە هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و پێشکەوتوو، ژنان بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو زیاتر لە پۆستە سیاسیەکان و پلە بەرزەکانی بەڕێوەبەری وڵاتان بەشدارن. بەڵام لە وڵاتانی بۆ نموونە وەک ئێران و عێراق و چەندین وڵاتی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تا بە ئێستاش ژنان نەیانتوانیوە بگەنە پۆستە بەرزەکانی وەک سەرۆک کۆماری یان سەرۆک وەزیری.

بەڵام ئەگەر ئاوڕێک لە بەشداری ژنی کورد لەو مەیدانەدا بدەینەوە، ئەوەی ڕوونە تا بە ئێستاش لە چوارچێوەی ڕێبەری حیزبە کوردیەکان ژنان بە ڕێژەیەکی زۆر کەمتر لە پیاوان، پۆستی ڕێبەری وەردەگرن. هەروەها لە بەڕێوەبردنی ئۆرگانەکانی سەر بەو حیزبانە، ژمارەی ژنان لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکەن.

**لەم بابەتەدا بە گرینگی دەزانم سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو هۆکارانە ڕابکێشم کە تا بەئێستاش ڕێگرن لە بەشداری ژنان لە کاروباری سیاسیدا.**

### ئاستی رۆشنبیری:

یەکێک لە هۆکارە هەرە گرینگەکان نەبوونی ڕۆشنبیرییە لە کۆمەڵگەدا بۆ گەیشتنی ژنان بە مەیدانی سیاسەت شانبەشانی پیاوان، پێویستە کە ئاستی ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگەیە بەرز بێت. ئەمە وادەکات بەشداری ژن لە سیاسەت ببێتە باوەڕ لە نێوان هەردوو ڕەگەز بۆیە دەڵێم باوەڕ، چونکە تا ئەوکاتەی هەردوو ڕەگەز بە باوەڕی تەواو دان بەو ڕاستیەدا نەنێن کە بەشداری ژن لە سیاسەت بە ڕێژەی بەشداری پیاو لە سیاسەت کاریگەرە، هەر بەشدارییەک بکرێ تەنیا بە ڕواڵەتە. بە هۆکاری ئەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری تا بە ئێستاش کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارە، کەواتە ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە کە بە یەک ڕێژە بەشداری ژن و پیاو لە بواری سیاسەت بە ئاسایی بزانرێ.

### بەشدار نەبوونی ژنان لە ناوەندەکانی بڕیاردان:

بە پێی چەندین لێکۆڵینەوە لە وڵاتانی پێشکەوتوو کە ئێستا ڕێژەی ژنان لە مەیدانی سیاسیان باشترە لە ئێمە، دەرکەوتووە کە یەکێک لە هۆکارە گرینگەکان بۆ بردنەسەری ڕێژەی بەشداری ژنان، بەشداری پێکردنی خودی ژنان لەو ئۆرگانانەیە کە بڕیاری لێ دەدرێ. دیسان لێرە دەگەڕێمەوە بۆ خاڵی پێشتر و باوەڕهێنان بە بەشداری ژنان لە کاروباری سیاسیدا. ئەگەر بە باوەڕەوە هەوڵی بەشداری و بەهێزکردنی پێگەی ژن لە کارو باری سیاسی ڕێکخراوە یان حیزبە کوردیەکان بدرێ، ئەوکاتە ڕێگەش دەدرێ کە ژنان بگەنە ئەو پۆست و ئۆرگانە گرینگانەی کە بڕیاری لێ دەردەچێت. تا بەشداری ژن لەو ئۆرگانە زیاتر بێ، بە دڵنیاییەوە بڕیار و دەنگی پۆزەتیڤیش زیاترە بۆ بەشداری ژن. یەکێکی دیکە لە گرینگیەکانی بەشداری ژنان لە ناوەندی بڕیاردانیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لێکۆڵینەوە سایکۆلۆژییانەی لە سەر شێوەی بڕیاردانی ژنان ئەنجامدراون. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانە، شێوازی بڕیاردانی ژنان لەسەر بنەمای وردبینی و بیرکردنەوەیەکی دەقیق دەدرێن.

### ژن و ئەرکی بەڕێوەبەری خێزان:

ئەرک و بەرپرسیاریەتیی بنەماڵە کە زۆربەی لەسەر شانی ژن دەمێنێتەوە، بەتایبەت لەو کاتانەی کە ئەرکی دایکایەتیشی لە ئەستۆیە. زۆرجار ئەو ژنانەی کە تا ڕادەیەکی باش توانیویانە قۆناغەکانی هاتنە نێو مەیدانی سیاسەت ببڕن ناچارن بە وازهێنان لەو هەوڵ و تێکۆشانانە. نەبوونی هاوئاهەنگی لەگەڵ هاوسەر یان ئەندامانی بنەماڵە، دەبێتە ڕێگر بۆ درێژە پێدانی بواری سیاسی لە ژندا. هەرچەندە ڕاستگۆیانە پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەمە تەنیا گرفتێکی ژنانی کورد نییە، بەڵکو لە وڵاتانی دیکەش ئەم گرفتە بۆ ژنان دێتە پێش. بەڵام ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی نێوان هاوسەران یان ئەندامانی بنەماڵە، لە وڵاتانی پێشکەوتوو زۆر جار ئەم گرفتە دەکاتە گرفتێکی کورتخایەن. بۆیە ئەو ژینگەی کە ژن خەباتی تێدا دەکا، تایبەتمەندییەکی زۆری هەیە بۆ مانەوە و درێژەپێدانی هەوڵ و چالاکییەکانی لە کاروباری سیاسیدا. تا ژینگەیەکی لەبارتر و دەرفەتی گونجاوتر بڕەخسێ بۆ ئەم خەباتەی ژنان، ئاستی بەشداری ژنانیش لە مەیدانی سیاسی کورددا زیاتر دەبێ.

### سەربەخۆ نەبوونی ژنان لە بواری ئابوورییەوە:

لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا ژنان تووشی بەربەست دەبنەوە بە هۆی نەبوونی دەرامەتێکی سەربەخۆ کە وادەکات ژن زۆربەی کات پشت بەو پارەتیە داراییانە ببەستێ کە لە لایەن ڕەگەزی بەرانبەرەوە بۆی دابین دەکرێ، ئەمە دەبێتە هۆی ئەووەی کە ژن نەتوانێ پشت بە خۆی ببەستێ. بە پێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە ئەو ژنانەی خاوەن ئابوریەکی سەربەخۆن زیاتر پشت بە تواناکانی خۆیان دەبەستن و کە دەبێتە هۆکاری بەرزکردنەوەی هەستی بڕوابەخۆبوون لەلای ژنان. کە ئەمەش دەبێتە هاندەرێک بۆ بەشداری لە کاروباری سیاسی و زیاتر گرنگیدان بە گەیشتنی دەنگی خودی ژنان بە بوارەکانی تری کۆمەڵگە.

### نەبوونی یەکگرتوویی لە ناو خودی ژناندا:

ئەووەی جێگەی ئاماژەیە لێرەدا کە دەمەوێ سەرنجی خوێنەری بۆ ڕابکێشم، گرفتی نایەکگرتوویی لە نێو خودی ژناندایە. بەداخەوە نەبوونی هاوئاهەنگی لە نێوان ژنانی ئەندام لە حیزبە کوردیەکان، بۆتە ڕێگرێک بۆ زیادکردنی ژمارەی ژنان لە پۆستە باڵاکانی ڕێبەری. هۆکاری هەرە گرینگ و کاریگەر بۆ سەرکەوتن بە سەر ئەم بابەتەدا یەکگرتوویی و هاوکاری ژنان



سەرچاوە Serchawe

خۆیـانە. بەڵام زۆربەی جـار بەهـۆی جیـاوازی بیرکـردنەوە یـاخود نەبـوونی متمـانە بە یەکتـری، ئەمەش وادەکـا هەلەکـان لەدەست بدرێن. سەرەتـا زەربە لە پـێگەی ژنـان خۆیـان دەدرێ و دواتـر لە بـزووتنەوەی یەکسـانیخوازی کـۆمەڵگە. کەواتە بە هاوئاهەنگی و متمانەکردن بە تواناییەکـانی خودی ژنـان، زۆربەی ئەو گرفتـانە کە دروست دەبـن و ڕێگریەکـان کە دەخرێنە سەر ڕێگەی پێشکەوتنی ژنان دەتوانرێ لابدرێن.

لە کۆتـاییـدا دەمەوێ بڵـێم کە یەکێـک لە هەرە بنەمـا سـەرەکیەکانی بەشـداری ژنـان لە کاروبـاری سیاسیدا، بـوونی مـافی دەنگدانە. کە بە خۆشیەوە مافی دەنگدان لە حیزبە کوردیەکان دراوە بە ژنان. بەڵام ئایا تەنیا بە پێدانی مافی هەڵبـژاردن و دەنگدان یاخود ڕێژەیەکی دیاریکراو بۆ ژنان لە ئاستی ڕێبەری حیزب یان ڕێکخراوەکاندا، دەتـوانێ کەلێنـی نەبـوونی ژنـان لە مەیدانی سیاسیدا قەرەبوو بکرێتەوە؟ ڕاستیەکی سەلمێندراوە کە زۆربەی کـات ژنـان خەبـاتی یەکسـانی ڕەگەزی وەلادەنێن بۆ خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی، بەڵام لە جیاتی هاوکاری و هەوڵدانی زیـاتر بـۆ بەشـداری ژنـان، بەربەسـت و گرفتەکـان زیـاتر دەکرێن بۆ پەراوێز خستنی بەشداری ژنان لەو بوارەدا. لە سەرەتـای دەسپێکی کاروبـاری ڕێکخراوەیـی یـان ئۆرگـانیـدا، تـا ڕادەیەکی باشـتر بـوار دەڕەخسـێ بـۆ بەشـداری ژنـان، بەڵام تـا پـلە و پـۆستەکان بەرزتـر و ئۆرگـانەکـان هەسـتیـارتربن، بەشداری ژنانیش کەمتر دەبێتەوە، ئایا هۆکار نەبوونی متمـانەیە بە تواناییەکـانی ژنـان؟ یـاخود ترسـە لە گواستنەوەی ئەو دەسەڵاتـانەی کە سەدان ساڵە لە دەستی پیاواندایە بۆ ژێر دەستی ژنان؟

ئەم بابەتە لە ژمارە ٥٦ی گۆڤاری "ژنان"دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## وەڵامی هاوڕێ رۆژە عەزیزی بۆ کارو چالاکییەکانی ڕەحمان نەقشی

**کەسێک کە خۆبەخشانە و بێ هیچ بەرپەرسیاریەتیەک و ئەرکێکی پێ سپێردراو، ماوەی چەند ساڵێکە هەوڵی کۆکردنەوەی بابەت و نوسراوەکان دەدات...**

بێگومان باسکردن لە کارو چالاکیەکانی کەسێکی دڵسۆزی کتێبخانە و راگەیاندنی کوردی، کەسێکی خەمخۆر لە بابەت و نوسراوەکانی نووسەرانی کورد هەروا ئاسان نیە. کەسێک کە خۆبەخشانە و بێ هیچ بەرپەرسیاریەتیەک و ئەرکێکی پێ سپێردراو، ماوەی چەند ساڵێکە هەوڵی کۆکردنەوەی بابەت و نوسراوەکان دەدات.

بەڕێز کاک رەحمان نەخشی ئەو کەسە دڵسۆزەی بواری راگەیاندنی کوردیە، تا بە ئێستا هەستاوە بە کۆکردنەوەو ئامادەکردنی چەندین نامیلکەی تایبەت بە بۆنەو ڕووداوە گرینگەکانی مێژووی کورد. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بابەتی بەشێکی زۆر لە نووسەران و قەڵەم بەدەستانی کوردی کۆکردۆتەوە و لە توێی نامیلکەدا دەیخاتە بەرچاوی خوێنەرانیان. نایشارمەوە کە ڕەنگە نووسراوەی خۆمم لا نەمابێت کە پێشتر نووسیبێتم و لە ئارشیفەکەمدا نەبووبێ، بەڵام لە ئارشیفەکەی کاک رەحمان دەسکەوتووە و زەحمەتی کێشاوە و کۆیکردوونەوە.

من خۆم زۆر لەوە بە بچووکتر دەزانم کە لە سەر کار و ماندووبوونەکانی بەڕێزیان بنووسم، بەڵام ئاواتی ئەوە دەخوازم ئەو خزمەتەی کاک رەحمان ماوەی زیاتر لە دە ساڵە بە ئەرشیف وراگەیاندنی کوردی دەیکا لە مێژووی کورد دا بنوسرێ، کەسانی خۆبەخشی وەک بەڕێزیان لەم سەردەمەدا زۆر کەم پەیدا دەبن. دڵنیام کە کاک رەحمان بێ ئەوەی هیچ چاوەڕوانیەکی هەبێ ماوەی زیاتر لە دەساڵە و بێ بەرامبەر ئەو خزمەتە دەکات، بەڵام رێزگرتن لە بەرهەمەکانی کەسانی دڵسۆزی وەک بەڕێزیان ئەرکی هەمووماندە و بە هیوای ئەوەی نموونەی کەسانی وەک بەڕێزیان لە بواری راگەیاندنی کوردیدا زۆر بێت.

لە کۆتاییدا دەڵێم ماندوو نەبیت هاورێی بەڕێز لە دەساڵ خزمەت کردنتان بە راگەیاندنی کوردی و بەو هیوایە هەروەک دەساڵی رابردوو درێژە بەو خزمەتە گەورەتان بدەن، چونکە راگەیاندنی کوردی لەم سەردەمەدا پێویستی بە کەسانی دڵسۆزی وەک جەنابتانە و تەمەن درێژی و سەربەرزیتان ئاواتمانە.

**١٧ی مارچی ٢٠١٩**

## ژن لە مەیدانی کاردا

ئەمڕۆکە کارکردنی ژنان باسێکی زۆر مەترەحە لە کۆمەڵگەکاندا، ژنان بە هەر هۆیەک بێت لەم سەردەمەدا بە زۆری پەنا دەبەنە بەر کارکردن لە دەرەوەی ماڵ.سەرەڕای ئەوەی کە ژنان ماندوو بوون و کارێکی دیکەیشیان پێ سپێردراوە ئەویش گرنگیدان بە مێرد و منداڵ و ماڵەکەیان. واتە لێرەدا ژنان دوو کار دەگرنە ئەستۆ: کاری نێوماڵ و خێزان و کاری دەرەوە کە بەشداری دەکەن لە سیستمی ئابووریی وڵاتێکدا و تێکەڵ بوون لەگەڵ کۆمەڵگەی دەرەوەی بنەماڵەکەیان.

ژنان بەردەوام لە کۆنیشدا ئەگەر کاری ناوماڵیان کردبێت بەردەوام کارێکی دیکەشیان شانبەشانی پیاوان هەر ئەنجام داوە وەک(ئاژەڵداری، وەرزێری، رستن و چنین).

بەڵام ئێستاکە ژنان جگە لەو کارانە لە ئیدارە، قوتابخانە و یان سیستمی دەوڵەتەکەیان کار دەکەن.

لە گەڵ پێشکەوتنی پیشەسازی لە جیهانی ئێستاو ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەوپێشچونی پیشەسازی(سەنعەت) ژنان زۆر ئازایانە بەشداری لە بواری پیشەسازیی وڵاتانیاندا دەکەن و دوور دەکەونەوە لە داب و نەریتە سوننەتییەکان.

پێشکەوتنی بواری خوێندەواری و بواری بیرکردنەوەو هاتنە نێو کۆمەڵگەو تێکەڵ بوون لە گەڵ چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ ئەو دەستکەوتانەن کە بە هۆی کارکردنی ژنان بۆیان دەستەبەر دەبێت و سوودیان لێ دەبینن بۆ پێشکەوتنی ژیانی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان.

لە لایەکی دیکەوە کارکردنی ژن و چوونە دەری لە ماڵ هۆکارێکە بۆ باش بوونی باری گوزەرانی بنەماڵەکەی لە ڕووی مادییەوەو سودێکی زۆر بە مێرد و منداڵەکانی دەگەیەنێت و لە ڕووی زانیاری و پەروەردەیی دەوڵەمەندی عەقڵی و فێربوونی زانیاری سەبارەت بە ژیان و پەروەردە، دەبێتە هۆی سەرکەوتنی بنەماڵەکەی.

پێویستە ژنان دەوری گرینگ بگێڕن لە بڕیاڕدان و دیاریکردنی کارو دابەشکردن و بەشداریی لە بنیاتناندا، کارکردنی ژن لە دەرەوە نەک دەبێتە هۆی بەشداری لە بنیاتنانی بواری ئابوری بۆخۆی، بەڵکو دەبێتە هۆی یەکسانییەک لە نێوان ژن و

پیاودا و باشکردنی پێوەندیی خێزانی و هەنگاوی گەورە هەڵهێنانەوە لەو بوارەدا.

ژنان لە بوارەکانی هونەری و تەکنیکی و کارەدەستییەکان و زۆر پیشەی دیکە هەرلە زەمانەکانی زووەوە زۆر لە پێش پیاوان بوون و شارەزاییان زیاتر بووە لەو بوارانەدا.

## * مێژووی کاری ژنان لە ئێراندا:

ئەگەر بڕوانینە رابردووی زوو لە ئێران،گەورەی بنەماڵەکان تەنیا چاوەدێری کچەکانیان دەکرد بۆ ئەوەی بە باشی پەروەردە بکرێن بۆ ژیانێکی سالمی خێزاندار، بە هیچ شێوەیەک گرینگی بە بواری زانستیان نەدەدرا و باوەڕیان وابوو ژن تەنیا دەبێت لە ماڵەوە بێت حەقی چوونە دەر لە ماڵی نەبوو و پێویستی نەدەکرد ژن تێکەڵ بە ژیانی دەرەوە بێت چونکە زیانی پێدەگەیەنێت.

لە سەردەمی قاجارەکاندا ژنان تەنیا کاتێک مافی چوونەدەریان هەبوو ئەگەر بچوونایە بۆ حەمام یان بۆ میوانییەکی گشتی وەک ژنخوازی، ئەگینا دەبوو هەر لە ماڵەوە ئەرکی خانەوادە بەرێوە ببەن.

بەڵام لە هەندێک کاتدا لە نێو چینە دواکەوتووەکان یان ناوەندەکاندا کار بە ژنان دەکرا لە لایەن پیاوانەوە وەک کاری کشتوکاڵی، رستن و چنین و هەندێک کاری دەستی بۆ دەرامەتی بنەماڵەی بەکار دەهێنرا.

لە ئێراندا هاتنی ژنان بۆ کارکردن دروست یەک سەدە دوای وڵاتانی غەربی بووە. ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی ژنان لەو کۆمەڵگەیانە زیاتر ڕێگەیان لێگیراوە بۆ کارکردن و مەجالی پێشکەوتن و هاتنەدەریان کەمتر بووە.

ئەگەر بڕوانینە ئەو هەلومەرجەی کە لەم سی ساڵەی دواییدا باڵی بە سەر ئێراندا کێشاوە. بۆمان دەردەکەوێ لە دوای شۆڕش و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ژنان زۆرترین زەربەیان لێدراوە لە بواری کارکردن ئەویش وەک داخستنی باخچەکانی ساوایان وبنکەکانی رێکخستنی بنەماڵە کە ئەم بنکەو دامەزراوانە ژنان دەوری سەرەکیان تێدا دەگێرا، بەم هۆیەوە رۆڵی ژنانی کەمرەنگ کردوەتەوە.

هەروەها زوو خانەنشین کردنی ژنان لە تەمەنێکی کەمی کاریدا کە ئەمانەو رێگری دیکەی بۆ کەمڕەنگ کردنەوەی ژنان لە

دەوڵەتدا لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە داندراوە.

هەروەها بە پێی لێهاتوویی و ئاستی خوێندەواری کار بە سەر ژنان و پیاوان دا دابەش ناکرێت. بە پێی ئامارێک لە ساڵانی (١٣٣٥- ١٣٦٥) لە نێوان کارمەندانی پیاو تەنیا ڕێژەی (٦%)ئاستی خوێندەواریی بەرزیان هەبوو،لە بەرامبەردا ژنانی کارمەند بە ڕێژەی(١٨%)بە بەراورد لە گەڵ پیاوان ئاستی خوێندەوارییان بەرزتر بوو،کە لەو ڕێژەیە تەنیا (٥%)ی ژنان لە پۆستە بەرزە ئیدارییەکان بەشدار بوون.

بە پێی ئامارێکی ساڵی (١٣٨١) ئەو هەڵاواردنانە کە بە نیسبەت ژنانەوە هەن لە ئێراندا بریتین لەمانە: کەمڕەنگ کردنەوەی ڕەگەزی ژن لە کتێبە دەرسییەکان، لە ڕاگەیاندنەکاندا ژنان بە کەمی باس دەکرێن،هەروەها لە خوێندنی باڵادا ڕێگری کراوە وەک ڕێگری لە ناردنە دەرەوەی کچان بۆ درێژەپێدانی خوێندن و هەروەها دابین نەکردنی پێداویستییەکان بۆ شوێنی حاوانەوەی کچان ئەمانە هەمووی هۆکارگەلێکن ڕێگری لە بەشداریی ژنان دەکەن.

کۆماری ئیسلامی لە بواری قەزاییەوە لە زۆر قانوونی کاردا چەند ماددەیەکی بە دژی ژنان و کەمکردنەوەی ڕۆڵی ژنانی لە کاردا داناوە.

ڕێگە نەدان بە چوونەدەری ژن لە وڵات بە بێ مۆڵەتی مێردەکەی و ناتوانێ بۆکاریش بچێتە دەرەوەی وڵات.کە ئەمەش کۆمەڵێک کێشە لە بواری کاری ژنان وەک (قانوونی نیوە کاتی کاری ژن، قانوونەکانی مۆڵەتی کاتی زەیستانی ژن) ماددەی( ٥) پەسند کراوی ساڵی (١٣٧١)ی شووڕای بەرزی شۆڕش کە کەمکردنەوەی ڕۆڵی ژنانە لە کارکردن دا.



سەرچاوە
Serchawe

## لە ئێراندا ژنان بە هۆی یەکێک لەم هۆکارانە ناتوانن کاربکەن:

### ١- هۆکاری تاکەکەسی:

ژنـان خۆیـان ڕێگـرن لـە بـەردەم کارکردنیانـدا ئـەوەش هەنـدێک جـار بـە هـۆی کـەمیی بـڕوا بـەخۆبوون یـان ئیحساسـی بەرپرسایەتی دەکەن و بە نەزەریان دەبێت گرینگی بە ماڵ و خێزانیان بدەن یـان بـە هـۆی ئـەوەی راهـاتبن چـاو لـە دەسـتی مێردەکانیان بن کە کار بکەن و کاری دەرەوە هی پیاوانە.کە ژن خۆی ئیرادەی نەبێت بۆ کارکردن ئەوە ڕێگر دەبێت لەبـەردەم کارنەکردنی.

### ٢- هۆکارە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان:

وەک هۆکارێک کە زیاتر لە بنەماڵەدا بۆ پیاو دەگێردرێتەوە ڕێگری دەکـات لـە کـارکردنی ژنەکـەی و بـەڕای ئـەو، ژن تـەنیا کارێک کە دەبێت بیکـا گرینگـی دانـە بـە مـاڵ ومنـداڵ و خێـزان.بۆیـە ژنیش ناچـارە گـوێ بداتـە ئـەم داوایـە و لـە ماڵـەوە بمێنێتەوە.

### ٣- داب و نەریتە باوەکانی ئەو کۆمەڵگەیە:

لە هـەر کۆمەڵگەیـەک بـە تایبـەت لـە لادێ و شـارە بچووکەکان بنەماڵـەکان زۆر بـە کـەمی ڕێگـە بـە کچەکانیان دەدەن کـار بکەن. پێیان وایە لەو داب و نەریتە نابێت دەربچێت و بە پێی ئەو کۆمەڵگەیە هەڵسوکەوت بکات و کار نەکات.

### ٤- نزمیی ئاستی خوێندەواری:

بە هۆی نەبوونی زانیاری و کەمیی هۆشیاری بە تایبەت لە سەردەمەکانی رابـردوو کە ژنـان کـەمتر مـافی خوێنـدنیان هـەبوو ئیمکـانی خوێنـدنیان نەبوو،بۆیـە نەیانـدەتوانی بەشداری بکـەن لـە کـارکردن لـە هـەر شـوێنێکی کـار.ئێسـتاش زۆر بەکـەمی پێشوازی دەکرێت لەو کەسانەی ئاستی خوێندەواریان نزمە.

لە هەر وڵاتێکدا ژنان و کچان بە ڕێژەیەکی زۆرو بەرچاو ئاستی خوێندەواریان گەشەی سەندوە چوونە زانکۆیان زیادی کردوە و لە بەشە جۆراوجۆرەکان درێژە بە خوێندن دەدەن.ئەگەر لەو کۆمەڵگایانە سوود لەو توانایانە وەربگیرێ بێگومان سوودێکی زۆر بە ئابووریی ئەو کۆمەڵگەیە دەگەیەنێت. ژنانێک هەن سابیقەی کاری زۆریان هەیە و تەجروبەیان لە بارەی ئەو کێشانەی دێنە ڕووی ژنان زۆرە، ئەگەر سوود لەو تەجروبانە وەربگیرێ ئەوا دەتوانرێ بەشێکی زۆری کێشەکانی کاری ژنان چارەسەر بکرێت.

**لە راپۆڕتێکدا رێکخراوی نێودەوڵەتیی کار(i.l.o )چەند خاڵێکی دیاریکردوە کە رێگرن لە کارکردنی ژن بە گشتی لە جیهاندا:**

١- گرینگیی رۆڵی ژن لە بنەماڵەکەی و پێویستیی گرینگیدان بە مێردو منداڵ بنەماڵەکەی.
٢- بوونی چەند بیرێکی نەرێنی سەبارەت بە کاری ژنان کە ژنان توانایی کاریان بە رادەی پیاوان نییە لە توانایی جەستەیی دا، پیاوان تواناییان زیاتر.
٣- تا ڕادەیەک کەمیی ئاستی خوێندەواری و زانیاریی ژنان بە هۆی کەمتر تێکەڵاو بوون لە کۆمەڵگەدا.
٤ - رێگری کردن بۆ دەربڕینی تواناکانی ژنان لە سیستەمی وڵاتاندا و ناهێڵن تواناکانی خۆی تاقی بکاتەوە تا بزانێ چەندە توانایی ئەو کارەی هەیە.
٥- دەست رانەگەیشتنی ژنان بە بوارەکانی راگەیاندن و دەزگا زانیارییەکان و رێکخراوە پشتیوانییەکان.
٦- کەمیی دەرفەتی کاری ژنان بە نیسبەت پیاوان ئەوەش لە بەر توانایی جەستەی ژن کەمترکاری پێدەدرێت.یاخود لە هەندێک لە وڵاتان یاسا و رێسایەک هەیە سەبارەت بە خاوەنەتی ژن کە ژن ناتوانێ خاوەن شت بێت و ببێتە خاوەن لەبەر ئەوە ناهێڵن ژنێک خاوەن پەروەندەیەکی کاری بێت و رێگری دەکەن لە بەشداری کردنیان لە کاری دەوڵەتی و بواری پیشەسازیدا.

**لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەک کە بۆ پەرەپێدانی کارکردنی ژنان ئەنجام درابوو زیاتر لە 50 وڵاتی جیهان گرنگیان بەم لێکۆڵینەوە دابوو و پشتیوانیان لێکردوە. زۆرترین وەڵامەکان گرنگیدانی دەوڵەت و سیستەمی وڵاتان بۆ کاری ژنانیان بە پێویست زانیوە کە لێرەدا چەند خاڵێکی دیاریکراوە:**

١- گرنگیدان بە کاری ژنان و بەشداریپێکردنیان لە ئابوریی وڵاتدا.
٢ - دانانی پرۆگرامی فێرکاری بۆ زیادبوونی ئاستی زانیاریی ژنان لە بواری کاردا.

٣- دابین کردنی پێداویستییەکانی تایبەتی ژنان و گرنگیدان بەو پێداویستیانە.

٤ - پارێزگاری و پشتگیری لە ژنان لە بواری قانوونی و دانانی پرۆگرامی تایبەت بۆ پێشکەوتنی کاری ژنان.

**– بە گشتی دەتوانین بڵێین دوو ڕێگا دەتوانێت پێشنیار بکرێت بۆ چارەی ئەوەی کە ڕێگری نەمێنێت لە بەردەم کاری ژنان دا ئەوانیش:**

**١- ڕێگەی درێژ خایەن:**

دەتوانرێت قۆناغ بە قۆناغ هەوڵبدرێت بۆ گۆڕینی بیروباوەڕو داب و نەریتە باوەکان روانگە کۆمەڵایەتییەکان کە ژنان تەنیا کار لە ماڵەوە نەکەن.دەکرێ لە ڕێگە هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگەو بەخشینی زانیاری کە بتوانرێ ئاستی زانیاریی کۆمەڵ بەرزبکرێتەوە ئەمەش لە ڕێگەی بەستنی سمینار و کۆڕ و کۆبوونەوە جێبەجێ دەکرێت.

**٢- ڕێگای کورت خایەن:**

ئەم هۆکارە بە ئاسانتر دەتوانرێ جێبەجێ بکرێ و بە ماوەیەکی کەمتر سوودێکی زۆر دەگەیەنێت،بە پیاچونەوەی ئەو قانوونانەی لە وڵاتان دژی کاری ژنانن.کە ئەم ڕێگەیە لە زۆرێک لە وڵاتان کاری پێدەکرێ و گرینگی زۆری پێدراوە بۆ کاری ژنان.

لە پاشکۆی تایبەت بە ڕۆژی جیهانیی ژن، ژمارە ٥٧٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی مارچی ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

# هەڵاواردن و توندوتیژی دژ بە ژنان لە یاساکانی ئێراندا

ژنانی ئێران بە گشتی لە چوارچێوەی یاساکانی ئێراندا هەڵاواردن و توندوتیژیان بەرانبەر دەکرێت،بەڵام ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدوو لایەنەوە دەکەونە پەراوێزو هەڵاواردنەوە،لایەنێکیان ستەمی نەتەوایەتییە کەشوێنەواری خوی لەسەر ژیانی ژنی کورد داناوە وەک تاکێکی کۆمەڵی کوردی و لەبەر ئەوەی نەتەوەکەی کوردە بەردەوام دەکەوێتە بەر شاڵاوی توندوتیژی و هەڵاواردن، لەلایەکی دیکەش وەک ژنێک لە ئێرانی ئیسلامیدا دەکەوێتە بەر هەڵاواردن و پێشێلکاری مافەکانی دەکرێت و لەلایەن یاساو لەو دیو درگای دادگاکان و لە چوارچێوەی چەندین ماددەدا بە ئاشکرا دان بە توندوتیژی بەرانبەر ژنان و جیاکاری نێوان ڕەگەزی ژن و پیاودا دەنێت.

دەتوانین بڵێین بە گشتی قانونەکانی ئێران لە چوارچێوەی ٣ قانوندا بە ئاشکرا باسی هەڵاواردن و توندوتیژی لە بەرامبەر ژناندا دەکات،قانونەکانیش بریتین لە:

"یاسایی بنەرەتی(اساسی)،یاسایی کیفری، یاسای شارستانی(مەدەنی)" .

بە داخەوە لە کۆماری ئسلامی ئێراندا بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ توندوتیژی دژ بە ژنان ئەنجام دەدرێت ونەک هەر لە قانونەکانی سیستمی دادوەری حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بەڵکو لە چوارچێوەی کاروباری دەوڵەت و پۆست و پلەو پایە و تا دەگاتە پلەکانی خوارتر و کارکردنی ژنان توندوتیژی بەرانبەر ڕەگەزی ژنان دەکرێت.

ئەگەر بروانینە هەلومەرجی ژیانی وڵاتانی دیکە دەبینین هەندێک فەعالینی سیاسی یان ئۆپۆزسیۆن و کۆمەڵەکانی کە دژایەتی حکومەت دەکەن توندوتیژیان بەرانبەر دەکرێت،بەڵام لە ئێران وڕۆژهەڵاتی کوردستاندا توندوتیژی یەکەم و گەورە دژ بە ژنان دەکرێت و دەبنە قوربانی سیستمی پیاوسالاری و مافەکانیان پێشێل دەکرێت.

ئەگەر کەسێک بەهۆی فەعالیەتی سیاسیەوە دەستبەسەر بکرێ و توندوتیژی ڕووبەرو بێتەوە و شتەکە جیاوازە دەڵێن با سیاسیی نەبوایە تا ئاوا شکەنجە نەکرایە،بەڵام ئەگەر ژنێک ڕوبەڕوی توندوتیژی دەبێتەوە چی؟خۆ ناکرێ بڵێین با ژن نەبوایە تا ئاوا توندوتیژی بەرامبەر نەکرایە.



سەرچاوە
Serchawe

بەداخەوە ڕەگەزی ژن کە هەمیشە لە هەموو کات و شوێنێدا لە بەر ئەوەی ڕەگەزەکەی ژنە ڕوبەروی هەڵاواردن و توندوتیژی بوەتەوە و مافەکانی پێشێل دەکرێت.هەر بۆیە لەزۆر وڵاتدا چەند یاسایەکی هەڵە کە دژی ژنانە پەسەندی ئەم هەڵاواردن و توندوتیژیانە دەکات و تۆمار دەکرێت،دەکرێ بڵێم هەر بۆیە ئەم جۆرە توندوتیژیە بە گەورەترین توندوتیژی دژ بە ژنان دادەنرێت.

بە گشتی بارودۆخی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئیران زۆر بەرەو خراپی چوەو توندوتیژی دژ بە ژنان زیاتر بوە.لە کاتی هاتنە سەرکاریان بەردەوام ادعایان دەکرد کە ژنان لە زیاترلە رابردوو ڕۆڵ دەبینن لە حکومەتدا بەڵام وانەبوو بارودۆخی ژنان خراپتر لە رابردووش بوو.

لە دەیەکانی رابردوو بە تایبەت پێش انقلاب،هاوسەرگیری دوبارەی پیاو بە شتێکی ناشرین دادەنراو دەبوایە لە دادگا بە زەحمەت بە بونی دەلیلی تەواو بۆ هاوسەرگیری دوبارە ئیجازە بدرایە.

لە لایەکی دیکەوە لێدان و توندوتیژی دژ بە ژنان ئەگەر ژنەکە لە دادگا شکایەتی بکردایە ئەوا لە دادگا لێپرسینەوە لە پیاو دەکراو زۆر جاران داواکەی دەدۆراند.ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە دوای ئینقلاب ژمارەیەکی زۆر لە ژنان لە دادگا شکایەتیان لە پیاوەکانیان کردوە،کە ژنی دوەم یان سێیەم یان چوارەمیان هەیە یان پەیوەندی نامەشروعییان هەیە،بەڵام لە دادگا هیچ وڵامێکیان پێ نەدراوەتەوە.بەڵام پرسیارێک کە زۆر بڵاوبوو وە دەهاتە بەر باس ئەوەبوو کە بۆ ئەو ژنە داوای تەڵاق ناکات؟؟وەڵامەکەی ئەوەبو کە مافی داوای تەڵاق تەنیا بەدەست پیاووەیە بە پێی شەرعی ئیسلام.هەر بۆیە ژن نەیتوانی داوای تەڵاق بکات.

بەڵام ئەم بابەتە ئێستا زۆر بڵاوەو زۆربەی ژنان ئاگاداری ئەو مەسەلەن و لە ڕێگەی زۆر بەیاننامەو راگەیەندراوو چەند هۆکارێکی دیکەی راگەیاندنەوە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم گرفتە دەدەن.

لە ساڵی(١٣٦١)بۆ یەکەم جار یاسای سزادانی کۆماری ئیسلامی لە ئیران نوسرایەوە،لەم یاسایەدا باسی دییەی نابەرابەرو قساس و چەند نمونەیەکی وەک ئەوهاتەبەر باس، کە لێرەدا من چەند نموونەیەک باس دەکەم کە بە ئاشکرا باسی هەڵاواردن و توندوتیژی بەرانبەر ژنان دەکات و بە شێوەیەکی بەربڵاو پێشێلکاری مافەکانی ژنان دەکات:

١- یەکەم بابەت کە دەمەوێت باسی بکەم بریتیە لە مەسئولیەتی کیفری یان (اهلیەی قانونی)کە بە پێی ماددەی

(٤٩)یاسای سزای کۆماری ئیسلامی هەروەها بەندی (١)لە مادده (١٢١٠)ی یاسای مەدەنی مەسئولیەتی کیفری بۆ کچان لە تەمەنی (٩) ساڵی دیاری دەکرێت،بەڵام لە بەرامبەردا بۆ کوڕان لە تەمەنی (١٥)ساڵیەوە ئەژمار دەکرێت،کە بەزەقی باسی جیاوازی نێوان تەمەنی اهلیەی قانونی کچ و کور دەکات. بە پێی ئەو ماددانە کچێکی تەمەن ٩ ساڵان ئەگەر هەر روداوێکی عەمد یان غەیری عەمدی لەدەست بقەومێت ئەوا روبەروی سزا دەبێتەوە کە هەندێک جاریش بە سزای قورس سزا دەدرێت. بەڵام تەمەنی ستانداردی مەسئولیەتی کیفری بریتیە لە تەمەنی (١٨)ساڵی بە بێ جیاوازی نێوان کچ و کور. چونکە کچ لە تەمەنی (٩)ساڵیدا هێشتا لە سەردەمی شیرینی منداڵیدا گەشە دەکات.

٢- لە مادده (٢٥٨) یاسای سزای کۆماری ئیسلامیدا باس دەکات،ئەگەر ژنێک بەدەستی پیاوێک بکوژرێت و گیانی لێ بستێندرێت،ئەوا هاوژینی ئەو ژنە یان باوکی ئەو ژنە دەتوانن لە جیاتی وەرگرتنی حەقی قساس لە بکوژەکە داوای پێدانی نیوەی دییەی ژنەکە بکەن،یان لە سەر ڕێژەی دییەکە پێکەوە رێک بکەون و معامەلە بکەن. کە لێرەدا ژنێک بۆتە قوربانی مافی ژیان کردنی لێ ئەستێندراوەتەوەو بەڵام لەو ناوەدا دوای مەرگی هێشتاش لە سەر جەستەی ئەو ژنە مامەڵە دەکرێت.

٣- لە ماددەی (٣٠٠) زۆر بە ئاشکرا باسی جیاوازی دییەی ژنێکی کوژراوو پیاو دەکات کە بە پێی ئەو ماددەیە دییەی ژنی کوژراو نیوەی دییەی پیاوە.

٤- هەروەها نمونەیەکی دیکە ماددەی (١٠٢)یاسای سزادانی کۆماری ئیسلامیە کە بە پێی ئەو ماددەیە (زنای محسنە) کە بە حوکمی سەنگسار حوکم دراوە،بۆ پیاوان تا نزیک ناو کەمەریان دەچێتە گڵەوە،بەڵام بۆ ژنان تا سنگیان لە گڵیان دەگرن و بە شێوەیەکی نامرۆڤانەو دوور لە بنەما مرۆڤایەتیەکان بەردەباران دەکرێن،کە زۆرجاریش پیاوان سەنگسار ناکرێن و زۆر بەشێوەیەکی ئازادانە درێژە بە ژیانیان دەدەن،بەڵام بە شێوەیەکی ناعادڵانە گیان لە ژن دەستێندرێت.

٥- هەروەک لە یەکێک لەبەندەکانی ماددەی (٦٣٨)ی یاسای سزادانی کۆماری ئیسلامیەوە باس لە حیجاب و چۆنیەتی جل و بەرگ پۆشینی ژنان دەکات،کە ئەگەر ئەو ژنان بە بێ حیجاب یان جل و بەرگێکی غەیری حیجاب لە ماڵ بێنە دەر ئەوا یان زیندان دەکرێن یان بە شێوەی غەرامەی نەقدی سزا دەدرێن. بەڵام هەروەک هەموومان رۆژانە دەبینین کچان و ژنانێکی زۆر لە ئێستادا لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە رێژەیەکی بەرچاو بە هۆی ئەم کێشەوە دەکەونە بەر هێرشی پۆلس و سزا دەدرێن.

لایەنێکی دیکە لە توندوتیژیەکانی کە لەیاسادا دژ بە ژنان کراوە لە یاسای مەدەنیدایە.لە مادده (١١٣٣)لە قانونی



سەرچاوە
Serchawe

مەدەنی زۆر بە ئاشکرا دەڵێت کە( پیاو هەر کاتێک بیهەوێت دەتوانێت ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات).ئەمە لە حاڵێکدایە کە بۆ هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ شتێکی بێ گیانیش نابێت ئاوا بڵێین،لەو لایەوە کە یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ادعای دیفاع لە پتەو بونی خێزان دەکات،ئەمانەش لە مادده سەرەکیەکانی یاسای مەدەنین.

لە ساڵی (١٣٧٧)ئەم یاسایە راست کرایەوە بەوەی کە پیاو دەتوانێت بە بونی دەلیل و هەلومەرجێکی کە لەیاسادا باسی کراوە ژنەکەی تەڵاق بدات و ژنیش دەتوانێت بە بونی چەند هەلومەرجێکی هەروەک رابردوو کە لە دەقە یاساییەکاندا هاتوە داوای تەڵاق بکات.

لە لایەنێکی دیکەوە لە ماددەی (١١٦٩)ی یاسایی مەدەنی کە بریتیە لە (سەرپەرشتی منداڵ)،کە دەبێت باوک سەرپەرشتی منداڵ بکات وهەر ئەو بریار دەدات ئەگەر دایک و باوکەکە لە یەکتر جیابوبنەوە،ئەوا ماوەی بەخێوکردنی منداڵی کور تا دوو ساڵ لە لای دایکی دەمێنێتەوە دوای دوو ساڵ دەبێت بچێتە لای باوکی مافی سەرپەرشتی و گەورەکردنی بە باوک دەدرێت،بۆ منداڵی کچیش تا تەمەنی ٧ ساڵی لە لای دایکی دەمێنێتەوە دوای ئەو تەمەنە بەهەمان شێوەی کوڕ دەبێت بدرێتەوە بە باوک و ئەگەر بیهەوێت دەتوانێت رێگە نەدات دایک ببێتە سەرپەرشتیاری منداڵ.کەواتە ئەگەر باپیرەی باوکی منداڵەکەش لە ژیاندا بوو ئەوا ئەو سەرپەرشتیاری منداڵ دەبێت و دایک مافی نیە ببێتە سەرپەرشتیاری منداڵەکەی و شۆرەت ناوی خانەوادگی لە باوکیەوە پی دەگات.تەوافق و تێگەیشتنی هەردوو هاوسەرلەم حاڵەتەدا بێکەڵکە.لێرەدا هیچ گوێ بە هەست و سۆزی ئەو دایکە نادرێت کە ماوەی نۆ مانگ لە بەشێکی جەستەی خۆیدا ئەو منداڵە دەپارێزێت و بەشێک دەبێت لە گیانی ئەو دایکە بەڵام دوای ئەو ماوەی یاسا دژە ژنەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دیاری کردوون مافی بەخێو کردن و پەروەردە کردنی منداڵی لێ دەستێندرێتەوە.

یەکێکی دیکە لە مادده پێشێلکارەکانی مافی ژنی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان بریتیە لە مادده(١١٠٨)ی یاسایی مەدەنی،کە باس لەوە دەکات ئەگەر ژنێک لە درێژەی ژیانی هاوبەشی لە گەڵ هاوژینەکەی بەتەواوی ملکەچی داخوازیەکانی هاوژینەکەی نەببو،یان هەر ئارەزوو وە رەفتارێکی پیاوەکەی جێبەجێ نەکرد ئەوا ئەو ژنە بە پێی ئەو ماددەیە بێبەش دەبێت لە مافی نەفەقەو پێداویستی رۆژانەی بۆ دابین ناکرێت. بەڵام ئەم مادده زۆر بە شێوەیەکی پیاوسالارانە و نامرۆڤانە دارێژراوە،بە بێ گوێدان بەوەی کە رەنگە ئەو ژنە بە هۆی کێشەو گرفتی جەستەی یان کێشەی تایبەتی رەنگە هەموو کاتێک نەتوانێت هاوکاری بنەماڵەکەی بکات،یان لە سەردەمانی رابردوو یان ئێستاش لە کۆمەڵگەکانی کوردستان کچان بە بێ خواستی خۆیان ناچار بە پرۆسەیەکی هاوسەرگیری کراون کە هیچ خواستی نیە.کەواتە ناحەقی مەگرن کە هیچ دڵی بەو ژیان و هاوسەرگیری و هاوژینەی خۆش نەبێت.

لایەنێکی دیکە لە باسەکە گرینگەکانی ئەم سەردەمە،(مارەیی ژن)ە.کە دەڵێن دەبێت هەرکات پیاوەکە دەسەڵاتی بوو مارەییەکە بداتە ژنەکە،ئەگینا هەرکات ژن داوای کرد و پێویستی بوو نابێت جێبەجێ بکرێت.هەر کات پیاوەکە باری دارایی باش بوو دەتوانێت بیدات.هەر لەم بارەوە لە رابردوو واتە پێش ئینقلاب زۆرێک لە ژنان دەیانتوانی مارەییەکەیان وەربگرن بەڵام دوای ئینقلاب ئەم رێژەیە زۆر بەرەو کەم بونەوە چوو.چونکە لە قانونی مەدەنیدا دەڵێت،ناتوانرێ تەنانەت ماڵ یان ماشێنی پیاو دەستی بەسەردا بگیردرێ لە بەرامبەر مارەیی ژنەکەدا.لە ئاکامدا بۆمان دەردەکەوێ بە پێی ئامارەکان لە سەدا(٧٨)ژنان ناتوانن مارەییەکەیان وەربگرن. بەڵام ئاماژە بە هەلومەرجی سەختی گوزەرانی ئەم سەردەمەی ژنانی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان رەنگە رێژەیەکی زۆر لەو ژنانە دوای جیابوونەوە لەگەڵ هاوژینەکەیان پێویستیەکی زۆریان بەو مارەییە هەبێت بۆ بەرێ کردن و گوزەرانی ژیانیان.

جۆرێکی دیکەی یاساکانی کە دژایەتی ژنان دەکات( یاسای کیفریە).بێگومان یاسای کیفری لە وڵاتاندا چاودێری سیاسەتەکانی کۆمەڵگەو یان پێشگیری لە ئەنجامدانی تاوان دەکات.بەڵام بەداخەوە لە قانونی کیفری ئێراندا جۆرێک لە تۆڵەسەندنەوەی پێوەدیارە.

لە بارەی لەباربردنی منداڵ تا پێش ئینقلاب ئاین نامەی ژمارە ١٧ سیستمی پزیشکی پەیرەودەکرا.کە باس دەکرا:ئەگەر ژنێک تەندروستی بەهۆی منداڵی ناو سکی بکەوێتە مەترسیەوە ئەوا حەقی لەباربردنی قانونی هەیە.بەڵام لە ساڵی (١٣٦١)شورای نگهبان بڵاویکردەوە کە ئاییننامەی ژمارە ١٧ کە باس لە لەباربردنی منداڵ دەکات شەرعی نیە و چونکە منداڵ لەبارچون چەند ئاسەواری خراپی لێدەکەوێتەوە بۆ دایک و تەندروستی دایکەکە دەخاتە مەترسیەوە،دەبێت هۆکاری لەباربردنەکە ئاشکرا بکرێ و روون بکرێتەوە.بەڵام ئەگەر دوای چوار مانگی حاملەی بێت،ئەگەر حاڵەتەکە وابێت کە منداڵەکە لەبارنەبرێت دایکەکە یان منداڵەکە توشی مەترسی دەبن و یەکیان دەمرێت،نابێت منداڵەکە لەباربرێت بۆ پاراستنی گیانی دایکەکە.کەواتە ئەوە نمونەیەکی زۆر زەقی ئەو پێشێلکاریانەی مافی ژنانە کە بە ئاشکرا لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا دارێژراوە.

بەوردبونەوە لەم ماددانە بۆمان دەردەکەوێت کە هەڵاواردن و توندوتیژی دژ بە ژنان لە یاساکانی ئێراندا چەند مەترسیدارن و گیانی ژن چەندە دەکەوێتە مەترسیەوە.

جگەلەوەی کە لەیاساکانی میرات و تەلاق و شاهیدی و قساس و دیە و سەرپەرشتی منداڵ و چەندانی دیکەی لەو شێوە دژایەتی و هەڵاواردنی رەگەزی ژن دەکرێت.



سەرچاوە
Serchawe

هەر لە شاهیدی تا بە ئێستاش ژن ناتوانێ خۆی بە تەنیا وەک شاهیدێک شەهادەت بدات.

بە گشتی لە ئیران و بەتایبەتی لە رۆژهەلاتی کوردستان لە چوارچێوەی یاساکاندا و لەودیو درگای دادگاکانەوە زۆر بە ئاشکرا توندوتیژی دژ بە ژنان ئەنجام دەدرێت و مافەکانیان پێشێل دەکرێت و نایەکسانی لە پێدانی مافەکانیان لە گەڵ پیاوان دەکرێت.

بەڵام دەکرێت لە رێگەی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بە ژن و پیاوەوە هەروەها بە ناساندنی مافەکانی ژنان بە خۆیان روونکردنەوەی ئەو ماددەو بەندانە ی کە باسی پێشێلکاری مافی ژنان دەکات بۆ کۆمەڵگەکەمان ئەرکی سەرەکی یاساناسان و چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنانە، لە رێگەی پێکهێنانی کۆر و سمینارو بەرنامەی تایبەتی لە رێگەی راگەیەندنەکانەوە هەوڵی زیاتر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بدەین لە بارەی ئەو یاسا دژە ژنانەوە.

بەڵام بەم حاڵەش ژنان بە هۆی بەرەوپێشچونی رۆشنبیری لە کۆمەڵگەدا زۆر لە رابردوو باشتر و زیاتر هەست بەم جیاوازی و توندوتیژی و هەڵاواردنانە دەکەن و هەوڵی گۆرین و پێداچونەوەی ئەم یاسایانە دەدەن، لە بڵاوترینیان کەمپەینی یەک ملیۆن ئیمزایە کە بەو هەموو چالاکی و هەوڵانەیان و هەرچەندە روبەروی زۆر ئاستەنگ و ئەشکەنجەو گیرانی چالاکانیان بونەوە،بەڵام بەردەوام لە هەوڵەکانیان بۆ گۆرینی ئەم یاسا وماددە ناقانونیەکان چالاکن.

**ئەم باسە لە دووهەم کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەلاتی کوردستان(ستۆکهۆڵم ٢٦ - ٢٧ی مای ٢٠١٢) دا پێشکەش کراوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣١ی مای ٢٠١٢**



سەرچاوە
Serchawe

## با هەر ٢٥ نوامبر رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان نەبێ

هەموو ساڵێک لە بەرە بەری رۆژی ٢٥ی نوامبر رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان، ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە خۆیان بە پارێزەری مافی ژنان دەزانن دەست دەکەن بە چالاکی و بڵاوکردنەوەی وتار و وێنەی تایبەت بەو رۆژە و کەناڵە راگەیاندنەکان و سایت و گۆڤارەکان سەرجەم ئەم بابەتە لە خۆ دەگرن، باشە بۆ هیچ کات لە خۆمان ناپرسین بۆ تەنیا رۆژێک لە سەرجەمی ساڵێکی دورودرێژ بۆ ئەم مەبەستە دیاری کراوە؟ بۆ تەنیا لە بەرەبەری نزیک بوونەوە لەم رۆژە گشت لایەکمان بیرمان دەکەوێتەوە؟ بەڵام لە حاڵێکدا رۆژ نیە کە ژنێکی نیشتمانی من ڕوبەڕووی توندوتیژی و هەڵاواردن نەبێتەوە و نەکوژرێ و لێینەدرێ و سووکایەتی پێ نەکرێ.

توندوتیژی دژی ژنان دەستەواژەیەکە کە بۆ هەر کردارێکی توندوتیژکە بەرانبەر بە ژنان دەکرێت بەکاردەبرێ. وەک لێدان و سوکایەتی و ئازاردان لە باری دەروونی وتوندوتیژی لە لایەنی یاسا و چەند جۆرێکی دیکە کە ڕوبەروی مرۆڤ دەبێتەوە بەڵام رەگەزیش لە پلەی یەکەمی ئەم کردارەدا دێ. کۆمەڵی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان ،توندوتیژی بەرانبەر ژنان بەم شێوە پێناسە دەکات(هەر کردارێکی توندوتیژ کە لەسەر بنەمای رەگەزی ئەنجامبدرێت وزەربە لە بواری جەستەی یان ڕەگەزی یان دەروونی بدا ئەوە بە توندوتیژی دژ بە ژنان ناودەبرێ).

بە پێی ئامارەکان رۆژانە ڕێژەیەکی بەرچاو لە ژنان ڕوبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە،یان ئەو توندوتیژیە لە چوارچێوەی خێزان لە لایەن ئەندامانی خێزان وەک باوک و برا،یان لە چوارچێوەی ژیانی هاوسەری لە لایەن هاوسەرەکانیان، یاخود لە شوێنی کار یان لە کۆمەڵگە و لە چوارچێوەی کاروباری ژیانی رۆژانەدا دەبێ.

بە بڕوای من ڕەنگە توندوتیژی جەستەیی کە زۆر جار جەستەی ئەو ژنە بە شێوەیەکی دڕندانە ئازار دەدرێ، بەڵام ئەو جەستەیە ئەگەر ئازاریشی پێگەیشتبێ، ئەگەر ئەندامێکی جەستەی شکێنرابێ و ئەگەر زۆر حاڵەتی دیکەی بە ئازار بە سەر ئەو ژنەدا بێ بە هەر حاڵ بەرەو باش بونەوە دەچێ و ڕەنگە دوای ماوەیەکیش کە جێگاکەی نەما لە بیر بچێتەوە. بەڵام توندوتیژی دەروونی کە زۆر لە توندوتیژی جەستەی ئاسەواری خراپتری هەیە، چونکە ئەو کەسەی لە رێگەی ئازاردانی دەروونیەوە توندوتیژی بەرانبەر ئەو ژنە دەکا زۆر کاریگەرتری ئەنجام دەدا و بە پێی ئامارەکان کارتێکەری زیاتری لە سەر ژن هەیە. ئەم جۆرە توندوتیژیە وەک توندوتیژی جەستەی بە جەستەی ژنەوە دیار نیە بەڵام زۆر زیاتر لەو

توندوتیژیە کاریگەرە بۆ نمونە وەک: فرەژنی، جیاکردنەوەی دایک لە منداڵەکانی یان لە خزم و کەس، دابین نەکردنی پێداویستیەکانی رۆژانەی، دەرکردن لە ماڵەوە یان زیندانی کردنی لە چوارچێوەی ماڵەکەیدا، تۆمەت لێدان و زۆر شێوەی دیکە.

بە داخەوە لەو کۆمەڵگانەی کەهێشتا ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە زۆر لەسەرەوە نیە، ژن بەئامرازێک بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ماڵەوەیان دەزانن، وەک بەخێوکردنی منداڵ یان ئامادەکردنی خواردن و کاروباری ماڵ.

بەڵام سەرەڕای خەباتێکی لەمێژینەی ژنانی چالاکی بواری مافەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی چالاک لەم بوارە و هەروەها بەخۆشیەوە بوونی پیاوانی یەکسانیخواز، لە کۆمەڵگەکانی وەک ئێمە تا ڕادەیەک ئەم گرفتە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە ناسراوە، هەرچەندە تا بە ئێستاش ژنان و کچانێک بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕووبەڕوی ئەم ستەم و زوڵمە دەبنەوە، بەڵام جێگای ئومێدە.

لە بەرەبەری رۆژی ٢٥ی نوامبر رۆژی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان ئاواتە خوازم کە چیتر کۆمەڵگەی ئێمە و گشت کۆمەڵگەکانی جیهان شاهیدی ڕوداوە تاڵەکان نەبین کە بەرەوڕووی هاورەگەزەکانمان دەبێتەوە. بە هاوکاری ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز هەوڵی بنبڕکردنی ئەم دیاردە مەترسیدار و دوور لە مرۆڤایەتیە بدەین. هەوڵی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و دوور لە هەر هەڵاواردنێکی ڕەگەزی بدەین.

لە کۆتایی دا دەمهەوێ ئاماژە بە شتێکی زۆر گرینگ بکەم ئەویش ئەوەیە کە زۆر جاران ژن خۆی توندوتیژی بەرانبەر ژن دەکا،بۆ نموونە ئەگەر ژنێک لە زۆر بواری جۆراو جۆر دا سەرکەوتوو دەردەکەوێ، لە لایان هاوڕەگەزەکانیەوە بەر پەلاماری قسە و بوختانکردن دەکەوێ کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ حەسادەت و هیوانەخواستن بۆ سەرکەوتنی یەکتری. هیوادارم ژنان زیاتر لەو هەوڵەدابن کە ئەم دیاردەیە نەمێنێ و هەموو وەک یەک هیوا بۆ سەرکەوتنمان بخوازین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

## با تەنیا ٨ ی مارس یادی ژن نەکەینەوە

یەکێک لە رۆژەکانی ساڵ کە لەناو خەڵک و میللەتاندا گرینگی پێدەدرێت و باسی دەکرێت رۆژی (٨ی مارس)یان (١٧ی رەشەممەیە)کە بە رۆژێکی گرینگ و پیرۆز دادەنرێت.

لە وەها رۆژێکدا واتە (٨ی مارسی ١٨٧٥) ژنانی کرێکار لە کارخانەکانی ڕستن و چنین لە شاری نیویۆرکی ئەمریکا بۆ باشتر بوونی هەلومەرجی رێوشوێنی کاریان یان بڕی دەرامەتەکەیان، دەستیان دایە ڕێپێوان بەرێوەبردن. ئەم رێپێوانە زۆر بە خراپی لە لایەن پۆلیسی ئەمریکاوە سەرکوت کراو بەشێکی زۆر لە ژنەکان لێیان دراو بریندار کران.

ئەم بابەتە بوو بە هۆی ئەوەی کە بەشێکی دیکە لە ژنانی کرێکار هۆشیار ببنەوە لە بارەی هەلومەرجی کار و شێوازی پێڕانەگەیشتنیان لە لایەن ساحەب کارەکانەوە،تا بەوئەنجامە گەیشتن کە ئەم رێگایە درێژە پێبدەن. ئەم جموجۆڵە ئیعترازیانە ساڵ بە ساڵ جا بەشێوەی ئاشکرا یان نهێنی زیاتر پەرەی دەسەند و چالاک دەبوولە ناو کارخانەکاندا. تا لە ڕۆژی (٨ی مارسی ١٩٠٧)بۆ جارێکی دیکە ژنانی کرێکار لە کارخانەکانی ڕستن و چنین لە ئەمریکا داوای کەمکردنەوە کاتژمێرەکانی کاریان بۆ (١٠)سەعات و هەر بۆ ئەم مەبەستە دەستیان دایە ئەنجامدانی ڕێپێوان، کە ئەم جارەش وەک جاری رابردوو لە لایەن پۆلیسەوە سەرکوت کراو بەشێک لە ژنانی کرێکار گیران و ڕەوانەی بەندیخانە کران.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ئەم رێپێوانە (ئیعترازیانە)بە بەشداری چەند پیاوی کرێکار و ژنانی دیکە لە چینەکانی کۆمەڵگە پێکهاتبوو.

ساڵێک دوای ئەم رێپێوانە واتە لە ساڵی(١٩٠٨)حیزبی سۆسیالیستی ئەمریکا کۆمیتەیەکی گشتی ژنانی پێکهێنا بۆ ئەوەی ژنان بتوانن مافی دەنگدانیان هەبێ،لە مارسی هەمان ساڵدا ژنانی کرێکار لە کارخانەی چنین بۆ داواکاری کار نەکردنی منداڵ وپێدانی مافی دەنگدان بۆ جارێکی دیکە لە نیویۆرک دەستیان دایەوە رێپێوان (اعتراز)دەربڕین.

ئەم هەموو ڕوداوانەی (٨ی مارس)ئەوسا بوونە هۆکارێک کە لە ساڵی داهاتوو واتە(١٩٠٩)ئەم رۆژە بۆ یەکمجار لە ئەمریکا بە رۆژی ملی ژنان لە ئەمریا تەسویب کرا.



سەرچاوە Serchawe

ئەم رۆژە وردە وردە بوو بە رۆژێکی رەسمی بۆ ژنانی کرێکارکە لەو رۆژەدا دەنگی نارەزایەتیان بەرانبەر دەوڵەت و ساحەب کارەکانیان بەرزبکەنەوە،بۆ باشتر بوونی بواری کارو مافە کۆمەڵایەتیە گشتیەکانی ژنان لە هەموو بوارەکانی پیشەسازی.لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی سوسیالیستەکان لە ساڵی (١٩١٠)کە لە (کپنهاگ) دانمارک بەرێوەچوو،بۆ یەکەم جار ژنە سوسیالیستی حیزبی دێموکراتی ئاڵمان(کلارا زتکین) پێشنیاری دیاری کردنی رۆژی(٨ی مارس)وەک رۆژی جیهانی ژن پێشکەش کرد.هەر لەم کۆنگرەدا ئەم پێشنیارە پەسەند کراو رۆژی (8ی مارس)وەک رۆژی جیهانی ژن دیاریکرا.

دەکرێ بڵێم یەکێک لە گەورەترین ئەو بۆنەو رێورەسمانەی کە لە مێژووی چالاکی ژنانی جیهان تۆمارکراوە دەگەرێتەوە بۆ(٨ی مارسی ١٩١١)کە لە ولاتانی(ئاڵمان،دانمارک،سویس،ئوستراليا)رێپێوانێکی بەشکۆ بەرێوەچوو.بەرێوەبردنی جەژن و پێشکەشکردنی وتار،داوای مافی دەنگدان،مافی کارکردن،ئاموزشی باشیان بۆ ژنان کرد.

لە لایەکی دیکەوە لە هەمان ساڵدا بە بۆنەی رۆژی لە کارەساتی(تریانکل)لە شاری نیۆیۆرک بە هۆی نەبوونی کەل و پەلی باش و خراپی باری ئەمنیەتی نەبوونی سیستمێکی دروستی کار ئاگرێکی گەورە کەوتەوەو لە کارخانەیەک (١٤٩) ژنی کرێکار گیانیان لە دەستدا.

هەر ئەم بابەتە بوو بە هۆی ئەوەی ساڵی داهاتوو لە (٨ی مارس)دا لە هەموو جیهان ئەم رۆژە بە گرینگیەوە یادبکرێتەوە،خراپی بواری کارو نەبوونی پێداویستی ئەمنیەتی و تەندروستی مەحکووم بکرێ،داوای باش بوونی بواری کارکردنی ژنان بکرێت.

بە هۆی هەڵگیرساندنی شەری یەکەمی جیهانی ڕەوانەکردنی ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان بۆ بەرەکانی شەڕ گیان لە دەستدانیان و بێ سەرپەرشت بوونی بنەماڵەکانیان،ژنان لە رۆژانی یادی (٨ی مارس)دا رێپێوانەکانیان بە دژی شەرو وێرانکاری و کوشتارەکانی دوای شەر بەرێوەدەبرد.
دوا بەدوای دەستپێکردنی شەرێ یەکەمی جیهانی لە (٨ی مارسی ١٩١٧)لە ڕوسیا ژنان ئەمجارە بە دژی زیادبوونی نرخی شتومەک و داخرانی کارخانەکان و دەرکرانی ژنانی دوگیان،رێپێوان و چالاکیان نواند،ئەم رێپێوان و نارەزایەتیانە بە یەکێک لە ڕوداوە گرینگەکانی شۆرشی فەوریەی هەمان ساڵ رۆڵی بینی.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە لە ساڵەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم تا سەرەتای دەیەکانی شەست رۆژی جیهانی ژن زۆر بەشکۆوە یادی نەدەکرایەوە،چونکە ژنان توانیبویان بەشێکی بەرچاو لە مافەکانیان بەدەست بهێنن.بە گەشە کردنەوەی

جوڵانەوەکانی ژنان لە دەیەکانی شەست دوبارە ڕۆژی (٨ی مارس) بۆ جارێکی دیکە گرینگی خۆی بەدەست هێنایەوە.لە ساڵی ١٩٧٥ لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەم ساڵە بە ساڵی نێودەوڵەتی ژنان دیاریکراو دوو ساڵ دواتر واتە لە ساڵی ١٩٧٧ ڕێکخراوی یونسکۆ (٨ی مارس)ی بە ڕەسمی بە ڕۆژی جیهانی ژن ناساند.لەو ڕۆژە بەدواوە پیاوان بە ژنان دەستەگوڵ یان دیاری پێشکەش دەکەن و ئەو ڕۆژەیان لێ پیرۆز دەکەن،هەر بەم بەنەوە ڕێز لە هەوڵ و تێکۆشانەکانی ژنان دەگرن.

دوای ئەم هەموو هەوڵ وکۆششانەی کە ژنان لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانیان داویانە هێشتاش زۆرێک لە ژنان ڕوبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە و مافەکانیان پێشێل دەکرێت.بە جۆرێک کە دەڵێن تەنیا ڕۆژێک لە ساڵدا کە ئەویش ڕۆژی (٨ی مارس)ە یادی ژن دەکەنەوە پەیمان نوێ دەکەنەوە کە مافی ژن پێشێل نەکرێت.بەڵام ئەی ڕۆژەکانی دیکە ساڵ چی؟بۆ دەبێت ڕۆژانە چەندین هەواڵی دڵتەزێنی مەرگ و کوشتن وخۆسوتاندن و یا چەندین ڕوداوی دیکە ببیستین.بۆ ئەو ژنە مافی نیە کە وەک پیاو لە مافەکانی ژیان سودمەن بێ،هەر تەنیا بە هۆی ئەوەی ڕەگەزەکەی ژنە؟

بە خۆشیەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا تا ڕادەیەک ئەم پێشێل کاری و هەڵاواردنانەی ژنان کەم بوەتەوە،بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەت ئەو دەڵەتانەی کە حکومەتێکی دینین تازە لە سەرەتای ئەو جموجۆڵانەن، کە بۆ دابین کردنی هەلومەرجی کارو ژیانێکی گونجاو تێدەکۆشن.
ژنانی ئێرانیش لەو هەوڵە بە نرخەی کە لە (٨ی مارسی ٢٠٠٣) ئەنجامیاندا ئەویش بە هەڵگیرساندنی ڕێپێوان لە تاران و زۆربەی شارەکانی دیکەی ئێران،جگە لەوەی کە داوای مافی ئینسانی وکۆمەڵایەتی و ئابوریيان دەکرد،دواکاری گونجاندنی (٨ی مارس)یان لە ڕۆژمێری ڕەسمی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد وەک ڕۆژی جیهانی ژنان،بەڵام تا ئێستا ئەم دواکاریە پەسەند نەکراوە.

لە کۆتاییدا دەمەوێت داوای ئەوە بکەم با بە هەمووومان هەوڵ بدەین تەنیا ڕۆژی (٨ی مارس) ڕۆژی ژن نەبێ،تەنیا ڕۆژێک لە ساڵ ڕێز لە ماف و ئازادیەکانی ژنان نەگیرێ،تەنیا لەو ڕۆژەدا وەبیرمان نەیەتەوە کە ژن هەیە و دەبێت ژن مافی بەرابەری لە گەڵ پیاوی هەبێت.هەوڵ بدەین هەموو ڕۆژەکانی ساڵ هەریەکەمان بە نۆرەی خۆمان باسی مافەکانی ژنان بکەین و ڕێز لە گەورەیی و پیرۆزی دایکان،هاژینەکان و خوشکان و کچەکانمان بگرین.

بە هیوای بەدیهێنانی ژیانێکی ئازاد بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵگاکەمان بە تایبەت ژنان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٣

## هەڤپەیڤین بەبۆنەی ٨ی مارس

### هەڤپەیڤین: ڕەحمان نەقشی

**پرسیار**: تکایە خۆتان بناسێنن و بفەرموون کە لە کەیەوە تێکەڵ بە خەبات و چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون؟

**ڕۆژە عەزیزی**: بە هۆی ئەوەی کە لە سەرەتایی ژیانمەوە لە ناو بنەماڵەیەکی شۆرشگێری سەر بە یەکێک لە ئەحزابی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووم،ڕاستەوخۆ تێکەڵ بە ژیانی سیاسی و شۆرشگێرانە بووم. لە سەرەتای تەمەنی لاوییمەوە بوومە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوی یەکیەتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان و ئەوەندەی توانیبێتم هەوڵم داوە لەو ئەرکانەی پێمدەسپێرن جێبەجێیان بکەم و چالاکی خۆم وەک ژنێک بە مەبەستی یەکسانی نێوان ژن و پیاو ئەنجام بدەم.

**پرسیار**: پرسی ژن ئەمرۆی کۆمەڵی کوردەواریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**ڕۆژە عەزیزی**: بە خۆشیەوە لە ئێستادا بارودۆخی ژنان لە ناو کۆمەڵی کوردەواری بە چاو رابردوو زۆر گۆراوەو هەرچەندە ئەم گۆرانکاریانە لە ئاستی پێویستدا نین،بەڵام ناکرێ نائومێد بین و دەبێت هەوڵی زیاتر بدەین بۆ ئەوەی پرسی ژنان و بابەتی یەکسانی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا زیاتر بناسێنین و کاری بۆ بکەین.

کۆمەڵگەی ئێمە بەداخەوە بە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارە و کوردستانیش بە هۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوغرافیایی هەمیشە مەیدانی جەنگ و ناکۆکی داگیرکەران بووە،هەر بۆیە پرسی ژن بۆ کۆمەڵگەی ئێمە ئەوەندە پرسێکی کۆن نیە و تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە رەنگە بەشێکی زۆر شارەزاییان نەبێت لە سەر ئەو بابەتە.بەڵام بە نیسبەت کۆمەڵگەکانی دیکەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست پرسی ژنی کورد زیاتر گەشەی کردووە بزوتنەوەکانی ژنان لە چوار پارچەی کوردستان شایەدی بۆ دەدەن.

**پرسیار**: چ لە ریزی حیزبەکان دا بن و چ سەربەخۆ بن ئایا کار و چالاکی ژنان و رۆڵ و کارتێکەریان لە ناو حیزبە

کوردیەکان چۆن هەڵدەسەنگێن؟

**ڕۆژە عەزیزی**: حیزبە کوردیەکان بە تایبەت حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لە ئێستادا مەسەلەی ژنان و بەشداری ژنان لە ناو ریزی حیزبەکانیان بە پرسێکی گرینگ دادەنێن،بەلام بە بڕوای من تەنیا دیاری کردنی سەهمیەیەک بۆ ژنان لە ناو رێبەری ئەحزابدا کافی نیە و تەنیا بەوەی کە بلێن فلانە حیزب ئەوەندە ژنەی لە ڕیزی رێبەریدایە مانای ئەوە نیە کە ئەو حیزبە گرینگی بە مەسەلەی ژنان دەدات. بەڵکو بە بڕوای من گرینگیدان بە بواری پەروەردەی ژنان لە ئەحزابدا لە هەموویان گرینگترەو دەبێت هەوڵ بدرێ ژنان لە هەموو ئاستە جیاوازەکانی ئەحزابی کوردیدا بەشدار بن. پێویستە ژنان لە سەرەتاییترین کارەکانی ئەحزابدا رۆڵیان هەبێت تا دەگاتە شوێنە حەساس و ئاستەکانی سەرەوەی رێبەری ئەحزاب و دەنگی ژنێک لە ئاستی رێبەری دەنگی ژنانی هاورێی لە ئاستەکانی دیکەی حیزبەکەیدایە. هەر بۆیە لە حاڵی حازردا بەشداری ژنان لە ئەحزابە کوردیەکان زۆر باشترە بە چاو ڕابردوو بەلام ئەوەش ناگەیەنێ کە ئیتر ژنان بە هەموو ماف و داخوازیەکانیان لە چوارچێوەی حیزبەکانیان گەیشتوون.هێشتاش پێویستی بە زیاتر بەشداری رێژەی ژنان لە ناو دنیای سیاسی حیزبە کوردیەکان هەیە. ژنانیش و حیزبەکانیش دەبێ بڕواننە ئەوەی کە مافی ژن هەر لە چوارچێوەی حیزبەکاندا چاو لێ نەکەن.

**پرسیار**: زۆر جار لە زمان پیاوان و یا بەشێک لە ژنان دەبیسرێ کە ژنان خۆیان لەسەر پرسی ژنان کەم تەرخەمن و زۆر چالاک نینن، ئایا ئەم وتانە راستن؟

**ڕۆژە عەزیزی**: بە بڕوای من کە زۆر جاریش دەیلێم،بەشێک لە توندوتیژیەکانی کە بەرانبەر ژن دەکرێت ژن خۆی بەرانبەر هاورەگەزەکەی دەکات و زۆر جار ئەو گرفتەی کە ژنێک بۆ ژنێکی دروست دەکات رەنگە پیاوەکە نەیکا.بۆ نمونە دەبینین ژنێک لە کۆمەڵگەدا هەوڵ دەدات خۆی پێ بگەیەنێ و لە بوارێک لە بوارەکان چالاکی ئەنجام دەدات،بەلام هەر ژنەکان و دەوروبەری هەوڵی ئەوە دەدەن ئەو ژنە بە دنیایەک ئاوات و بەرنامە بۆ داهاتووی بشکێنن و لە هەندێک رێگەوە هەوڵی شکاندنی ئەو ژنە دەدەن. نمونە بۆ ئەو مەسەلانە زۆرە و رۆژانەش رەنگە بینەریان بین. بەلام ئەوەش کە ئایا ژنان خۆیان بە پێی پێویست چالاک نین بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان؟ ئەوەش لە هەل و مەرجێکەوە بۆ هەل و مەرجێکی دیکە جیاواز بێت یاخود لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە بگۆردرێ. چونکە هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدا کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارە و تا بە ئێستاش لە هەندێک ناوچە ژنان ئاشنا نین بە مافەکانی خۆیان،بۆیە کە ئاشنا نەبوون بە مافەکانی خۆیان ناتوانن چالاکیش بن لەو بوارە.

بەڵام بە خۆشیەوە لەو ناوچانەی کە ئاستی رۆشنبیری تاکەکان تا ئاستێکی باش پەرەی سەندوە کۆمەڵگەیەکی چالاکە و ژنەکانی ئەو کۆمەڵگەش زیاتر هەوڵی بەدەستهێنانی ماف و داواکانیان دەدەن و چالاکی خۆیان ئەنجام دەدەن.

**پرسیار**: هەر وەک ئاگادارن هەموو هێزە و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان رێکخراوێکیان بۆ پرسی ژن بە ناوی جۆراوجۆر پێک هێناوە. ئایا ئەو رێکخراوانە تا چ رادەیەک توانیویانە سەرنجی بیروڕای گشتی و یان رێکخراوە نێونەتەوەییەکان کە داکۆی لە مافی ژنان دەکەن بۆ لای پرس و مافەکانی ژنان و یان ئەو زوڵم و نابەرانبەریەی کە دەرحەق بە ژنانی کورد دەکرێ راکێشن؟

**ڕۆژە عەزیزی**: بەڵێ ئەوە جێگای خۆشحاڵیە کە ئەحزابی کوردی هەریەکە رێکخراوێکیان لە چوارچێوەی حیزبەکەیان تایبەت بە ژنان دامەزراندوە،بەڵام ئەو رێکخراوانە سەربەخۆی تەواویان نیە چونکە بە پێی بەرنامەو پێرەوی حیزبەکەیان دەبێت مامەڵە بکەن و بۆ زۆر بابەت دەبێت پرس و رەزامەندی حیزبەکەیان وەربگرن. بەڵام لە گەڵ ئەوەش هەر لە ناو ئەو رێکخراوانە رێکخراوگەلی چالاک و بە توانا هەیە و هەریەکە بە پێی توانایی خۆی هەوڵی ناساندنی پرسی ژنی کوردی بە دنیای دەرەوە داوەو لە وڵاتانی دەرەوەش بە بوونی کومیتەی ئەو رێکخراوانە هەوڵی ناساندنی پرسی ژنی کورد بە دنیایی دەرەوە دراوە،کە ئەمە جێگای خۆشحاڵیە پرسی ژنی کورد بەو شێوە گەشەی کردووەو هەوڵی باش دراوە بۆ ئەم بابەتە لەلایەن رێکخراوەکانەوە.بەڵام دەتوانرێ هەوڵی زیاتر بدرێ بۆ ئەم بابەتە و بە یەکریزی و یەکگرتووی ژنانی کورد زیاتر پرسی ژن بەرەو پێش ببرێ. دەردەکەوێ کە ژنان خۆیان خاوەنی وزەییێکی پۆزێتیڤن بۆ هەوڵ دان و بە دواداچون بۆ مافی ژن کە ئەمە خۆی یەکێک لە نوکتە گرینگەکانە.

**پرسیار**: وەک دوا وتە چ پەیامێکتان هەیە بۆ ژنان و بۆ ئەو مرۆڤانەی داکۆکی لە مافی ژن دەکەن؟

**ڕۆژە عەزیزی**: زۆر سپاس بۆ جەنابت کە ئەم دەرفەتەتان رەخساند. هەر لەم رێگەوە پیرۆزبایی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژن لە هەموو مرۆڤێکی یەکسانیخوازو هەموو ژنان دەکەم و ئاواتەخوازم کە بە هەوڵ و یەکگرتووی هەموو مرۆڤە یەکسانیخوازەکانی کۆمەڵگەکەمان و ژنانی چالاکی بواری پرسی ژن هەوڵ بدەین بۆ کەم کردنەوەی توندوتیژیەکانی کە بەرانبەربە ژنان دەکرێ. بە هەمووما‌ن هەنگاو بنێین بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی بەرابەر و بێ جیاوازی نێوان دوو رەگەزی ژن و پیاو. ئەرکی هەر مرۆڤێکە کە هاندەربێ بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست لە سەر بنەمای ئاشتی و ئازادی و یەکسانی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی مارچی ٢٠١٣



سەرچاوە Serchawe

## ئاسەواری تەڵاق لەسەر منداڵان

یەکێک لە گرینگترین دەسکەوتەکانی ژیانی دوو مرۆڤ بریتیە لە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و بنیاتنانی بنەماڵە و خێزانێکی تەندروست لە کۆمەڵگەدا. بەڵام یەکێک لە رووداوە ناخۆش و دژوارەکانی ئەو ژیانە هاوبەشە ئەو کاتەیە کە ئەو ژیانە هاوبەشە دوای ماوەیەک کۆتایی پێدێ و بنەماکانی کە رۆژێک ئەو خێزانەیان لە سەر پێکهاتوە هەڵدەوەشێنەوە. ئەم دیاردەیە واتە دیاردەی جیابوونەوەی هاوسەران یاخود(تەڵاق)دیاردەیەکی بە ئازار و پڕ لە کێشە دەبێ بۆ هاوسەران. بەڵام کێشەی زۆر گەورەتر و تراژیکتر ڕەنگە بگەرێندرێتەوە بۆ منداڵانی ئەو خێزانە، منداڵانێک کە تا ئەو رۆژەی دایک و باوکیان لە یەکتری جیا نەبوونەوە ژیانێکی خۆشیان هەبووە. بەداخەوە دوای روودانی تەڵاق دەبێ ژیانێکی زۆر جیاواز دەست پێ بکەن، کە ئەویش ژیانی خێزانێکی لێک هەڵوەشاوەیە و دەبێ خۆیان لە سەر ئەو ژیانە دژوار و تازەیە ڕابێنن.

هەرچەندە زۆر رێگەی دیکە هەن کە ژن و مێرد بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی ژیانی هاوبەشیان دەتوانن بیگرنە بەر، جگە لە تەڵاق. بەڵام دەبینین کە وەک خۆیان دەڵێن دوا رێگەی چارەسەری کێشەکانیان تەڵاق یا لێک ترازانی ژیانی هاوبەشیانە. منداڵانی ئەو ژیانە هاوبەشە زۆر جار بە هۆی لێک جیابونەوەی دایک و باوکیان و لێک ترازانی بنەماڵەکەیان بە داخەوە تووشی زۆر کێشەو گرفت دەبن و ڕەنگە قۆناغێکی دژواری ژیانیان بێ بۆ ڕاهاتن و ئاسایی بوونی ئەو ڕوداوەی کە بەسەر خێزانەکەیان هاتوە.

کاتێک ژیانی هاوبەشێک بەرەو جیابوونەوە دەڕوا، ئەوە منداڵانن کە لە باری دەروونی و جەستەییەوە زیانیان لێ دەدرێ و رووبەرووی تەنیایی و ترس و دڵەڕاوکێ دەبنەوە، چونکە دەبێ خۆیان ئامادە بکەن بۆ دوو ژیانی جیاواز و دژوار.

بە ڕوودانی ئەم جیابوونەوەیە ڕەنگە زۆربەی منداڵانی تەڵاق وابیر بکەنەوە کە خێزانەکەیان چیتر ئەو ئاشتی و ئارامیەی تێدا بەدی ناکرێ، یاخود نەبوونی دایک و باوک لە چوارچێوەی ماڵێکدا و دوورکەوتنەوەیان لە یەکتر هەستی تەنیایی و بێ متمانەیی دەبەخشێتە منداڵان. بەڵام لەم حاڵەتەدا ئەرکی دایکان و باوکانە دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی تەڵاق کە بارودۆخی ژیانی دوای تەڵاق بۆ منداڵەکان شی بکەنەوەو هۆکارەکانی لێک جیابونەوەی دایک و باوکەکە بە پێی تەمەنی منداڵەکان بۆیان ڕوون بکەنەوە، چونکە تا منداڵەکان تەمەنیان لە سەرەوەتر بێ زیاتر بۆیان گرینگە بە هۆکارەکانی جیابونەوەکە بزانن. هەروەها بەخشینی هەستی بڕوا بەخۆبوون بە منداڵەکان و بەردەوام بوون لە سەر هەمان شێوە و



سەرچاوە
Serchawe

ڕێگەکانی پەروەردە کردنی منداڵ کە پێش لێکهەڵوەشانی ژیانە هاوبەشەکە هەردوو هاوسەرەکە گرتبویانە بەر، چونکە ئەگەر ڕێگەی بەزەیی و ناز پێدان بگیردرێتە بەر ئەوە زۆر کێشە بۆ هەردوو هاوسەرەکە دروست دەکا و شێوەی پەروەدەی منداڵ بەرەو قۆناغێکی خراپ دەچێ. هەروەها پەیڕەوکردنی ئەو شێوازانەی کە بۆ تەشویق و سزای منداڵەکان دەگیرانە بەر، هەر گۆڕانکارییەک لە سیستمی پەروەردەی منداڵەکان ڕوویدا، ئەوە دواجار ئاسەواری خۆی لە سەر منداڵەکان دادەنێ.

**بێگومان منداڵان لە چوارچێوەی شوێنی ژیانیاندا، پێویستیان بە کەش و هەوایەکی ئارام و دوور لە شەڕوشۆرە.**

کاتێک دایک و باوک لە بەرچاوی منداڵەکان شەڕ و دەمەقاڵەیان دەبێ، ڕاستەوخۆ ئەو ڕەفتارانە کاریگەری لە سەر باری دەروونی منداڵەکان دەبێ. هەر بۆیە پێویستە دایکان و باوکان گرینگی بدەن بەم لایەنەو و لە ماوەی پێش کۆتایی پرۆسەی تەڵاقەکەو دوای پرۆسەی تەڵاقەکە گرینگی بەم لایەنە بدەن. هەندێک جار دوای کۆتایی پرۆسەی تەڵاقەکە بەشێک لە دایک و باوکەکان ڕێگری دەکەن لە منداڵەکانیان بۆ بینینی دایک یان باوکیان، یاخود هەندێک بیرۆکەی خراپ بەرانبەر دایکەکە یان باوکەکە لە مێشکی منداڵەکانیان دروست دەکەن و دەیانکەنە هۆکارێک بۆ چاندنی هەستی ڕق و قین بەرانبەر هاوسەرە کۆنەکەیان، ئەم کردارانە زۆر نادروستن و بۆ داهاتووی ئەو منداڵە ئاسەواری خراپ لە سەر باری دەروونی دادەنێ. منداڵ پێویستی بە دایک و باوکە لە هەمان کاتدا چونکە هیچ کام لە دایک یان لە باوک ناتوانێ سۆزو خۆشەویستی ئەوی دیکە قەرەبوو بکاتەوە، پێویستە بەردەوام هەستی سۆز و خۆشەویستی لە ناخی منداڵدا بنیات بنرێ.

یەکی دیکە لەو لایەنانە کە دەبێ دایکان و باوکان گرینگی پێ بدەن، چۆنیەتی ڕەفتار کردن دوای پرۆسەی تەڵاق لە گەڵ منداڵەکانە، چونکە دوای جیابونەوەی هاوسەرەکان منداڵەکان بە بەراورد لە گەڵ ڕووداوەکان زۆر هەستیار دەبن، دەبێ گرینگیەکی تایبەت بە بارودۆخی دەروونیی منداڵەکان بدرێ. گرینگی تایبەت بە پێداویستیەکانی منداڵەکان بدەن، چونکە بە بچوکترین گۆڕانکاری لە سیستمی ژیانی خۆیان هەست بە تەنیایی دەکەن. سەردان و چاوپێکەوتنەکانی دایک و باوک لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێ و تا ئەوەندەی بۆیان دەگونجێ لەکاتی چاو پێکەوتن و سەردانەکان کەشێکی ئارامیان بۆ بخوڵقێ،چونکە منداڵان لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر سەبارەت بەم کێشەیە جیاوازن. تا تەمەنیان گەورەتر بێ زیاتر هەوڵ دەدەن لە بارەی کێشەکانی نێوان دایک و باوکیان بزانن و هەلومەرجی کۆتایی ژیانە هاوبەشەکە لای خۆیان هەڵدەسەنگێنن.

بە پێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتوە کە منداڵانی تەڵاق زیاتر لە منداڵانی ئاسایی تووشی کێشە دەبن، بە تایبەت لە خوێندنگەکاندا زیاتر هەستی پێ دەکرێ.منداڵانی تەڵاق لە چوارچێوەی خوێندنگەکان ئاسەواری هەست بە تەنیایی و

دڵەراوکێیان پێوە دیارە. هەرچەندە مەرج نیە کە هەموو منداڵانی تەڵاق ئەو ئاسەوارانەیان هەبێ، بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاو توشی کێشە دەبنەوە. هەندێک لەو منداڵانە کێشەکانیان زۆر گەورەیە و بە ڕوونی دیارە و پێویستە دایکان و باوکان گرینگی بە بارودۆخی ئەو منداڵانە بدەن. زۆر جار ئەو کێشانە تا کۆتایی تەمەنی مێرمنداڵی درێژەی هەیەو بەشێکیشیان رەنگە تا تەمەنی لاویەتی ئاسەواری بمێنێ، چونکە ئەم ڕووداوە ڕەنگە کاتێکی زۆری پێویست بێ تا منداڵەکان خۆیان ڕادەهێنن لە سەر ژیانی دووریی دایک یان باوکیان.

یەکێک لە ڕێگە دروستەکانی کە پێویستە دایکان و باوکان بیگرنە بەر گرینگی دانە بە باری دەروونیی خۆیان و بە هیچ شێوەیەک ڕێگە نەدەن کێشەی دەروونی بۆ یەکێک لە هاوسەرەکان بێتە پێش، چونکە هەر گرفتێک بۆ یەکێک لە هاوسەرەکان بێتە پێش راستەوخۆ ئاسەواری خراپ لە سەر منداڵەکان و باری دەروونیان و هەستیان دروست دەکا.هەر بۆیە دەبێ لە هاتوچۆو سەردانە کۆمەڵایەتیەکانیان لە گەڵ دۆست و ناسیاوانیان بەردەوام بن و بە هیچ شێوەیەک ڕێگەی تەنیایی و دورکەوتنەوە لە کۆمەڵگە نەگیردرێتە بەر، چونکە بچوکترین ئاڵوگۆر هەست پێ دەکەن. هەوڵ بدرێ کاتەکانی ژیان زیاتر بە کۆبوونەوە لە گەڵ دۆستان و چوونە دەرەوەو تێکەڵ بوون لە گەڵ کۆمەڵگە بەرنەسەر.

یەکێکی دیکە لە کێشەکان کە رەنگە زۆر لە منداڵانی تەڵاق روبەڕووی ببنەوە، ئەوە بێت کە دایک یان باوک لە گەڵ ژنێک یان پیاوێکی تر ئاشنا دەبێ و بۆ جارێکی دیکە ژیانی هاوبەش پێک دەهێننەوە. لەم حاڵەتەدا زۆر لە منداڵان هەستێکی ناخۆشیان هەیە و ڕەنگە بەشێکیان هەستی رق و قینیان بەرانبەر هاوسەری دووەمی دایک یان باوکیان هەبێ و وا هەست دەکەن کە ئەوان زیاتر گرینگی بە ژیانە نوێیەکەیان دەدەن بۆیە ئەو منداڵانە هەستی تەنیایی لایان دروست دەبێ. هەندێکیشیان رقیان لەو منداڵانەی ئەو ژیانە هاوبەشە نوێیە دەبێتەوە. لەم بارودۆخەدا پێویستە دایک و باوکەکان زۆر بە ڕوونی ئاڵوگۆڕەکانی ژیانیان بۆ منداڵەکان شی بکەنەوەو تا بتوانن گرینگی بە بواری سۆز و خۆشەویستی منداڵەکە بدەن. هەستی متمانە بۆ خۆیان لای منداڵەکان دروست بکەن و بۆ ئەوەی بە تەواوی ئامادەیان بکەن بۆ ئەو گۆرانکاریانەی لە ژیانیان دێتە پێش.

بەو هیوایە کە هیچ خێزانێک تووشی گرفتی تەڵاق و هەڵوەشانەوەی ژیانی هاوبەش نەبێ و هەوڵ بدرێ خێزانێکی تەندروست لەسەر بنەمای ئاشتی و خۆشەویستی بنیات بنرێ، تا هیچ کات بینەر و بیسەری ڕووداوە دڵتەزێنەکانی منداڵانی تەڵاق نەبین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٣

## مەهناز تراژدیای ژیانی خۆی ئاوا باس دەکا

لە ئەنجامدا زۆر بە گەرمی وەڵامی داواکەی منی دایەوە. بەو هۆیە کە خۆشی بە نیازە ئەگەر مەرگ مەجالی بدا ژیانی خۆی بنوسێتەوە لە چوارچێوەی کتێبدا چاپی بکا. بۆیە گووتم دەڵێ ئەگەر مەرگ مەجالی بدا چونکە مەهناز توشی نەخۆشی شێرپەنجەی مەمک بووە، تا ئێستا چەند قۆناغ شیمی دەرمانی کراوەو رەنگە ماوەی زۆری نەمابێ بۆ ژیان وەک ئەوەی پزیشکەکانی پێیان راگەیاندووە. مەهناز خاتوون بەم شێوەیە بۆ من دوا: ئەوەندەی لە یادم بێ نایەتەوە خەیاڵم کە وەک منداڵێک چێژم لە سەردەمی منداڵیم وەرگرتبێ.تەمەنم حەوت ساڵان بوو کە دایکم لە کاتی لە دایک بوونیخوشکێکم گیانی لە دەست داو بۆ هەمیشە من و دوو براکەمی جێهێشت و لە سۆزی دایکایەتی بێبەش بووین. دوای ماوەیەکی کەم باوکم ژنی هێنایەوە. لەو کاتەوە بوو کە ژیانی دۆزەخی من دروست بوو، چونکە ئەو ژنەی باوکم هێنابووی دوور لە هیچ هەستێکی دایکایەتی مامەڵەی لە گەڵ من و براکانم دەکرد و بە تایبەت بۆ من کە لە یەکەم رۆژەوە لە تەمەنێکی منداڵی کە هەشت ساڵانە بووم وەک کارەکەر کاری لە من دەکێشایەوە و ئەگەر ماندووش ببومایە جاری وابوو لە ماندویان خەوم لێدەکەوت ئاوی پێدا دەکردم تاوەکوو لە خەو خەبەرم بکاتەوە. تا وای لێهات چووە بن گوێی باوکم کە دەبێ بە شووی بدەین و پارەیەکمان دەست بکەوێ بە هۆی شیربای وەرگرتن،ئەوە بوو باوکم لە هیچ قسەیەکی دەرنەدەچوو ئەم بریارەشی جێبەجێ کرد. من تەمەنم دوازدە ساڵان بوو کە دایانم بە پیاوێک پازدە ساڵ لە خۆم گەورەوتربوو پارەیەکی زۆریان لە ماڵی کابرا وەرگرتوو منیان فرۆشت لە تەمەنی دوازدە ساڵان. وابوو لە ماڵی باوکەوە ئاوارەی ماڵی مێرد بووم،مێردیش چی، کەسێکی رەوانی و ناتەواو. خۆشترین کاتەکانم ئەو کاتە بوو کە لە ماڵ نەبوو دەچوو بۆ کشتوکاڵ. حەزم دەکرد ئەو کاتانە بچمە کۆڵان لە گەڵ منداڵەکانی هاوتەمەنم یاری بکەم چونکە هەستی منداڵی لە ناخمدا تازە گوڵی کردبوو. بە چەندین جار بە شێوەیەکی ناشرین و لێدان لە کۆڵانەوە دەینهێنامەوە ماڵەوە. کاتێک بە خۆمدا هاتمەوە من خاوەنی منداڵم و بومە دایک،ئەویش دایکێکی تەمەن سێزدە ساڵان. تەمەنی منداڵی من ئاوا تێپەڕ بوو، ئیتر بوومە دایک و ئەمجار هەستم بەوە کرد مەسولیەتی خێزان و منداڵ چیەو دەبێ خۆم بۆ ژیانێکی چاوەڕوان نەکراو ئامادە بکەم. منداڵی یەکەمم کچێک بوو،زۆرم خۆشدەویست پێمخۆش بوو زوو گەورەی بکەم و ببێتە هاورێیەکی نزیکم و دەردی دڵی خۆمی لە لا بکەم. هێشتا کچەکەم نەببوە ساڵ کە مێردەکەم دەیگوت دەبێت منداڵی دیکەت ببێت من کورم دەوێت کچ بە مرۆڤ حساب ناکەم. شەوو رۆژ ئەو قسانەی دەکرد وەک تیرێک لە دڵم دەدران چونکە خۆم کچەکەمم زۆر خۆش دەویست. رۆژی چەند جار لێمدەدراو سوکایەتیم پێ دەکرا لە بەر چاوی هەموو دۆست و دوژمنێک منی دەشکاندەوە. خوای من و تۆ کردی ئەوەندەی پێنەچوو خوا کورێکی پێدام. کە زانیم کورم بووە زۆر دڵخۆش بووم،چونکە هەستم دەکرد کە کورم بۆ بە دنیا هێناوە ئیتر رەفتاری لە گەڵم چاک



سەرچاوە
Serchawe

دەبێ و کەمێک خۆشەویستی و سۆزی بۆم دەبێ. بەڵام بەم قسانە تەنیا دڵی خۆمم خۆش دەکرد چونکە هێشتا زەیستان بووم کە بە زۆر دەیناردمە بەر سەرما و بەفر و کاری پێدەکردم و داری پێدەهێنام بۆ کورە و خۆی لە بەر گەرم دەکردەوە.

جارێکیان لە سەر بەفر بورامەوە کە هۆشم هاتەوە لە نەخۆشخانە کەوتبووم. گوێم لێ بوو دراوسێکان قسەیان بە مێردەکەم دەگووت. هەر بۆیە لای پزیشکەکان شکایەتیان لێکرد کە زۆری بۆ خراپە. بۆیە ئەوانیش هەڕەشەیان لێکرد،ئەگەر بەردەوام بێت تەحویلی پۆلیسی دەدەن. باش بوو بەم هۆیەوە ماوەیەک لە لێدانەکانی نەجاتم بوو،بەڵام جنێوو سوکایەتییەکانی زیاتر ببوو منیش لە ناچاریان بۆئەوەی کە لێمنەدا بەردەوام سەرم دادەخست. کورەکەمان تەمەنی بوو بە پێنج ساڵان و مێردەکەم ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبوو،هەر ڕۆژەو کەسێک یان چەند کەسێک بەری دەرکەیان پێدەگرتین دەهاتن بۆ شکایەت. کە شەڕی لەگەڵ فلان ماڵ کردوە، چەقۆی لە فلان پیاو کێشاوە، مەتەڵەک و قسەی ناشرینی بە فلان ژن گوتوە. وام لێهات نەمدەزانی چۆن وەڵامی ئەو هەموو خەڵکە بدەمەوە. کاتی وابوو بە حەفتەش نەدەهاتەوە ماڵەوە کە دەشهاتەوە بە شەڕو کێشەو ناخۆشی. زۆری بۆ کورەکەمان دەهێنا کە دەبێت فێری شەر ببێت و فێری قسەی ناشرین و وای لێهاتبوو دەیگوت دەبێ فێر ببی لە خەڵک بدەی پەنجەرەی خەڵک بشکێنی. بەردەوام دەمگوت کابرا تۆ لە جیاتی ئەو قسە توندوتیژانە بۆ کەمێک سۆزی باوکانەی پێ نابەخشی، دەیگوت بێدەنگ بە من هەر ئەو کوڕەم هەیە دەبێت وەک باوکی بێ، کە ناوی هات خەڵک لێی بترسێ بڵێن ئەوە کوڕەکەی فلان کەسە. ساڵ هات و ساڵ ڕۆی خوا کچێکی دیکەی پێداین. هەر لە یەکەم ڕۆژی لە دایک بوونی ئەو کچەوە من زەجر و ناخۆشیەکانم زیاتر بوو، چونکە دەیویست کوڕی ببێتوو وەک خۆی باریان بهێنێ. بەڵام من منداڵەکانم بە بێ جیاوازی خۆشدەویستن هەوڵم دەدا ئەو سۆز و خۆشەویستیەی کە خۆم لە دایکم لێی بێبەش بووم بۆ ئەوان جوبرانی بکەمەوە. بەڵام ئەوەی سۆز و خۆشەویستی باوکانە بوو منداڵەکانم لێی بێ بەش بوون، لە جیاتی ئەوە تەنیا لێدان و جنێوو قسەی ناشرینیان لە باوکیان بینیبوو. سەرەڕای ئەو هەموو خراپیانەی کە ئەو پیاوە بەرانبەر من ئەنجامی دابوو،بەڵام براکەی و جووتە خوشکەکەی زۆر جار هاودەردیان دە گەڵ دەکردم و دڵخۆشییان دەدامەوە. چونکە خۆیان باشتر لە من براکەی خۆیان دەناسی و بەردەوام سوکایەتی و کێشەی لە گەڵ ئەوانیش هەبوو. ڕۆژێکیان دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بێسەرو شوێن ببوو،بە پەلە خۆی کردەوە بە ماڵەوەدا و زۆر پەشۆکاو بوو تەواو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو زۆر دەترسا. منیش زۆر بە دڵێکی ئاواڵەوە باوەشم بۆ کردەوە و دڵم بۆی سووتا،وەک ئەوەی کارێکی زۆر خراپی کردبێ. چەند ساتێک وەک منداڵ لە باوەشم ئارام ببوو،دوای ماوەیەک هەستا بووەوە بەو پیاوە ڕەوانیەی جاران و بە پەلە لە ماڵ چووە دەرێ. ئەوەندەی نەبرد براکەی بە توڕەییەوە خۆی کرد بە ژووریدا،زۆر قسەی ناشرین و جنێوی بە براکەی دا، زانیم کە هەرچییەک بێت کارێکی خراپی بەرانبەر براکەی کردوە، بەڵام کارێک کە قەت بە خەیاڵمدا نەدەهات. بەڵێ چووبوە ماڵی براکەی لەو کاتەدا براژنەکەی بە تەنیا لە ماڵ دەبێ، هێرش دەکاتە سەری و دەیهەوێت تەجاوزی پێ بکات، کە لەناکاو براکەی بەسەردا دەچێتەوە لە پەنجەرەوە ڕادەکا. بەڵام لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو کە بە براژنەکەی وتبوو بۆیە وات

لێدەکەم مەهناز منی ناردوە وتوێتی ئەو کارە بکە. بە خۆشیەوە پێش ئەوەی مەرامە چەپەڵەکەی ئەنجام بدا و ژیانی براو براژنەکەی بشێوێنێ، براکەی دەگاتە سەری. بەڵام لەوە نیگەران بووم کە باوەڕیان بە قسەکەی کردبێ، من ناردبێتم بۆ ئەم کارە قێزەونە، بەڵام براکەی لە وەڵامدا وتی ئێمە باش تۆ دەناسین و باش براکەشمان دەناسین، کە بەو قسانە دڵنیا بووم کە بڕوایان نەکردوە. دوای ماوەیەک هەواڵم بیست کە کابرا ژنێکی تری هێناوە بۆیە ئاوا درەنگ درەنگ دێتەوە هەواڵی بنەماڵەکەی ناپرسێ. ماوەیەکی زۆر دوای ئەو ڕووداوە نەهاتەوە چونکە براکەی هەڕەشەی کوشتنی لێکردبوو. ئەو ماوە ژیانێکی ئاسوودە و ئارامامان بوو لە گەڵ منداڵەکان، بە باشی سەرقاڵی خوێندن بوون. دوای ماوەیەک ڕۆژێکیان لە دەرەوە بووم کە هاتمەوە لای سەرەوەی ماڵەکەی گرتبوو دانیشتبوو، منیش هیچ قسەیەکم لە گەڵ نەکرد. زۆری پێی ناخۆش بوو دەستی کردەوە بە جنێوو سوکایەتی کردن. گوتم ئێستا تەلەفون بۆ براکەت دەکەم، قسەکەم تەواو نەکرد کەوتە گیانم ئەوەندەی لێدام لە هۆش خۆم چووم، کە هۆشم هاتەوە منداڵەکان لە مەدرەسە هاتبوونەوە بە سەرمەوە دەگریان کە من بۆ ئاوام لێهاتوە. دڵم نەهات زۆر بۆیان باس بکەم. هەر کە وتم باوکتان لێرە بووە خۆیان تێگەیشتن. چەند جاری تر ئاوا دەهاتە ماڵەوە هەرچی پوڵ و ئاڵتونەکانم بوو دەیدزی و دەڕۆیشت. تا وای لێهات قفڵەکانی درگاکانم گۆڕی ئیتر نەیدەتوانی لە درگاوە بێت. ڕۆژێکیان کە کچەکان لە ماڵ نەبوون هەر خۆم و کوڕەکەم بووین، لە درگای داو کە کردمانەوە ئەو بوو.

نەماندەتوانی بڵێین نابێ بێیتە ژوور.دوای هاتنە ژووری داوای پوڵی کرد منیش وتم نیمە لە سایەی سەری گەورەی بنەماڵەیەکی وەک تۆ ئێمە خاوەنی هیچ پوڵێک نین. لە داخا چەقۆی دەرهێنا شێت بوو وتی کوڕەکەت دەکووژم منیش لە تاو کوڕەکەم، کەوتمە هاوار هاوار،ئەوەندەم زانی بە چەقۆ لە ناوچاوانی کوڕەی داوو گوتی با کوڕەکەت ببێتە پیاوو بچێ کارتان بۆ بکات. کوڕەی بە خوێنەوە بۆ من جێهێشت و ڕایکرد. چەند جار سەردانی دادگام کردو داوام لە سەر تۆمار کرد،بەڵام خۆ خۆتان باش دەزانن کە دادگاکانی ئێران هیچ کات دان بە مافەکانی ژناندا نانێن و بەردەوام لە دوای خێزان و بنەماڵەکان کە توندوتیژی بەرانبەر ژنان دەکرێ، لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیش زیاتر توندوتیژی دەکرێ. ماوەیەک دوای ئەو ڕوداوە کچە گەورەکەم داواکاری هات،بە زمانی خۆم نەڵێم کچەکەم تا بڵێی کچێکی بە شەخسیەت و بە ڕەوشت بوو لە ناو کۆمەڵگەدا. کاتێک ئەو بنەماڵە بەڕێزە هاتنە داوای کچەکەم زۆر خۆشحاڵ بووم، چونکە دەمزانی کە بۆ داهاتووی کچەکەم زۆر باشن و کوڕە زۆر کچەکەمی خۆش دەوێ. هەر بۆیە وەڵامی موسبەتمان پێدانەوەو زۆر بەڕێزەوە هاتنە پێش بۆ کارو باری داخوازی و مارە بڕین.

بەڵام تەنیا کەسێک کە کەسمان خەبەرمان لێی نەبوو ئاگاداری بکەن باوکی بوو. بەڵام مام و پورەکانی ئاگاداری مەسەلەکە بوون و زۆر خۆشحاڵ بوون. مارە بڕین ئەنجامدراو دوای ماوەیەک ڕۆژێک لە دەوروبەری ماڵ پەیدا بۆوە، هاتە ژورو ئەوەی

قسەی ناخۆش و نابەجێ بوو لە دەمی هاتە دەر و بە من و کچەکەمی گوت. من کە عادەتم گرتبوو بەو بێ ڕێزیانەی،بەڵام بۆ کچەکەم زۆر ناخۆش بوو کە باوکێک ئەو قسانەی پێ بڵێ. بە هەر حاڵ دوای بێ ڕێزیەکی زۆر لە ماڵ ڕۆشتە دەرێ. بەڵام شتێکی زۆر مەترسیدارتر ڕوویدا، شمارە تەلەفونی زاواکەمانی وەرگرتبوو، دەزانی چی گوتبوو؟پێی وتبوو کە ئەوان فێڵیان لە تۆ کردوە ئەو کچەیان بە سەردا ساغ کردویەوە، چونکە ئەو کچەی من لە لایەن پیاوێکە دەستدرێژی جنسی کراوەتە سەر و ئێستا کچ نیە. ناخۆشترین هەواڵ کە لە ژیانمدا بیستبێتم جگە لە هەواڵی نەخۆشیەکەم، ئەو تۆمەتە بووە کە باوکێک لە کچەکەی بدا. هەر ئێوە قەزاوەت بکەن بە مرۆڤی ئاوا دەڵێن باوک؟ گوناح نیە ناوی باوکیش بە مرۆڤی ئاواوە خراپ بکرێ؟ بەڵێ وابوو زاوەکەم کە زۆر کوڕێکی تێگەیشتوو بوو بە هیچ شێوەیەک گرینگی نەدا بەو مەسەلەیە و کە بە منی گوت ئیتر وتی لای کچەکەت هەر باسی مەکە چونکە دەزانم شتێکی بێ بنەمایە با دڵنیگەران نەبێ. کچەکەم دوای ماوەیەک چووە سەر ماڵ و ژیانی هاوبەشی خۆی و زۆر لە ژیانی هاوبەشی ڕازی بوو، منیش تا ڕادەیەک نیگەرانیم بۆ یەکێک لە منداڵەکان کەمتر بوو. لە سەر ئەو قسەیە دوبارە داوام لە سەر تۆمار کردەوە لە دادگا، ئەمجارەیان باش بوو کاتی دادگایان بۆ دیاری کردین. جاری یەکەم نەهاتە دانیشتنی دادگا،دواتر کە دادوەر ئاگاداری کردبوو ئەگەر دانیشتنی دووەم نەیەیت بە دۆراو دادەنرێی لە داواکە، وابوو دووەم دانیشتن هات. کاتێک باسی ژیانی خۆمم کردو ئەو هەموو لێدان و بێڕێزیانەم گێڕایەوە، تک تک عارەقەی دەردەدا. کاتێک باسی ئەو تۆمەتەم کرد کە لەکچەکەمانی داوە، یەکسەر دەستی کرد بە هاوار هاوار و هەستایە سەرپێ و گوتی دەیهەوێ تاوانەکەی خۆی داپۆشێ. دادوەر وتی چ تاوانێک؟وتی خۆی دڵداری دەکات و خیانەتی لە ژیانی هاوسەریمان کردوەو من خۆم لە کاتێکدا بە شێوەیەکی زۆر نەشیاو لە گەڵ پیاوێکی نامەحرەم دیومە. بە بیستنی ئەو قسەیە هەموو گیانم کەوتە لەرزین، چونکە قەت ئینتزارم نەبوو پیاوێک کە لە تەمەنی منداڵیمەوە بە لێدان وسوکایەتیەکانیەوە ژیاوم، ئاوا تۆمەتم لێبدا. دادوەر داوای بەڵگەی لێکرد بەڵام هیچ بەڵگەیەکی نەبوو،هەر بۆیە ئەو قسەی بە بێ مانا دانا. لە دانیشتنی سێهەم دا حوکمی تەڵاقەکەمان دراو بۆ هەمیشە کۆتای بەو ژیانە دۆزەخ و پڕ لە چەرمەسەریەی من لە گەڵ ئەو پیاوە هات. بۆ ئاخرین جار کە چاوم پێی کەوت وتم چۆن توانیت ئەو تۆمەتەم لێبدەی؟ لە وەڵمدا گوتی تۆ کە ئەوەی کچەکەمت باس کرد، منیش لەداخان دائەوەم گووت. ئەمنیش گوتم بیکە بەخاتری خوا ئیتر وازمان لێبێنە. ماوەیەکی زۆر دوور لە خەفەت و ناخۆشی دەژیاین، سەرەتاکانی باوەرمان نەدەکرد کە ئەوە ئێمەین ماوەیەکە بێڕێزی وسووکایەتیمان پێ نەکراوە. ڕۆژێک چوومە لای دکتۆر بۆ کۆنترۆڵ، دکتۆرەکە کاتێک سنگمی دەپشکنی وتی لە کەیەوە ئەو نەخۆشیەت هەیە؟ بە سەرسوڕمانەوە وتم نەخۆشی چی؟ وتی مەگەر نازانی کە تۆ توشی شێرپەنجەی مەمک بووی؟ لە هەموو ژیانمدا یەکەم جار بوو هەواڵێکی ئەوەندە ناخۆش ببیستم. گوتم من نەخۆشی وام نیە قەت نەمبووە. دکتۆرەکە لە وەڵامدا وتی نەخۆشیەکەت زۆر چۆتە پێش و دەبێ بە زوترین کات بکەویتە ژێر چاودێری. کورەکەم لە دەرەوە چاوەڕوانی دەکردم کە منی بینی بەو شێوە زۆر ترسا، پرسیاری کرد چی ڕوویداوە؟ بۆ ئاوا پەشۆکاوی؟ دکتۆرەکە بانگی کردە ژورەوە مەسەلەکەی لە گەڵ باس کرد. لە دڵی خۆمدا گوتم باشە بۆ من کە ئێستا وردە وردە

دەکەوتمە سەر ژیانێکی ئارام بۆ دەبێ تووشی نەخۆشیەکی ئاوا مەترسیدار بم، بۆ دەبێ ژیانی من هەر لە سەختی و نائارمیدا بڕوات. هەموو رۆژێک دەبوایە سەردانی پزیشکم بکردایەو کۆنترۆڵ بکرامایە. بڕیار درا کە شیمی دەرمانیم بۆ ئەنجام بدەن، کە بڕێکی زۆری پارە دەویست ئێمەش هیچ دەرامەتێکمان نەبوو، کوڕەکەم لە سەرەتای تەمەنی لاوەتیدا دەچوو بۆ کرێکاری تا خەرجی شیمی دەرمانی من دەربێنێ. لە دۆزەخێک ڕزگارم بوو نەمدەزانی تووشی دۆزەخێکی خراپتر دەبم، تا بە ئێستا چەند جار شیمی دەرمانیم بۆ ئەنجام دراوەو بەڵام ئومێدێک نیە بۆ باش بوونم،چونکە نەخۆشیەکە تەواو بەدەنم بڵاوبۆتەوە و پێشگیری ناکرێ، تەنیا ئەوەندەیە کە بەو شیمی دەرمانیە رەنگە بتوانم ماوەیەک زیاتر بژیم. هەر جارێک شیمی دەرمانی دەکرێم مردنێکە بۆخۆی. خەفەتی منداڵە بێ نازەکانم کە تا بە ئێستا ژیانێکی خۆشیان نەبووە، تا بە ئێستا هەستیان بە سۆز و خۆشەویستی باوکیان نەکردوە و لە ئێستاشدا گرفتاری نەخۆشی دایکیانن کە چاوەڕوانن دایکیان کەی هەناسەکانی کۆتای تەمەنی هەڵدەمژێ. تەنیا یەک ئاواتم هەیە ئەویش ئەوەی کە مەرگ ڕێگەم بدات بتوانم چیرۆکی ژیانی پڕ لە چەرمەسەری خۆم بنوسمەوە و بتوانم لە تویی کتێبێکدا بڵاوی بکەمەوە... تێبینی: ئەم چیرۆکە راستەقینەیە و کورتەیێک لە بە سەرهاتی ژنێکی غەدر لێکراوە کە لە زمانی خۆیەوە بۆی باس کردم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی دێسەمبەری ٢٠١٣

## لەش فرۆشی ئەو دیاردەی بەرۆکی زۆربەی کۆمەڵگەکانی گرتۆتەوە

بەسەرنجدان بە هۆکارە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن لەم ڕۆژانە دا زۆربەی زاناکان سەرنجیان بۆ گرفتێک ڕادەکێشرێت کە ئەمرۆکە تووشی کۆمەڵگەکان بووە ئەویش گرفتی (لەش فرۆشیە). لەش فرۆشی لەو دیاردانەیە کە لە سەدەی هەژدەوە تا ئێستا گروپەکانی مافی مرۆڤ و فیمینستەکان بۆچوونی جیاوازیان لەسەر هەبوە. ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دیاردەی "لەشفرۆشی" بە ڕەسمییەت ناسراوە و لە هەندێ لە وڵاتانیش بە پێچەوانەوە لەشفرۆشێ سزای تایبەت بە خۆی هەیە. ئەگەر بەکورتی بمانەوێ باسێک لە کێشەی لەش فرۆشی بکەین دەتوانین بە پێناسەیەکی کورت بڵێین لەش فرۆشی بریتی یە لە بەکارهێنانی جەستەی مرۆڤەکان بۆ کاری ئەخلاقی لەبەرانبەر بڕێک پارە یان کارێک کە لە بەرامبەر ئەو کارەدا کریار بۆی جێ بەجێ بکات.

بەداخەوە ئەمرۆکە بەهۆی سەختی ژیان لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا بەتایبەت لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەڵکانێکی زۆر تووشی ئەم گرفتە دە بن بۆ بە دەستهینانی بژێوی ژیان یان بۆ ئەنجامدان و جێ بەجێ کردنی کارێک یان وەک خوویەک پەنای بۆ دەبەن.

بێگومان بە خوێندنەوە یان شیکردنەوەی زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کەلەم گرفتە ڤێزەونە دەکۆڵنەوە بۆمان دەردەکەوێ زۆر بەیان لەهەر شوێن و کۆمەڵگەیەک بن چەند هۆکارێکی هاوبەش هەیە کە پاڵیان پێوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.

ئەگەر بتوانین کەمێک لەبەسەرهاتی ئەو لەش فرۆشانە بخوێنینەوە یان گوێی لێ بگیردرێ کۆمەڵێک بیانوو بۆخۆیان دەهێننەوە کە هۆکارن بۆ ئەم کارە یان وەک (نەبوونی یان بەزۆری دەست درێژیان کراوەتە سەر، یان بەزۆر بە شوودان یاخود وەک خوو یان عادەتێک ئەم کارە دەکەن.

زۆربەی ژنان بەهۆی بەزۆر بەشوودان لەتەمەنێکی کەمدا و بە شێوەی نەخوازراو،دەبێتە هۆکار کە ئەم ژنە پەنابەرێتە بەر ئەم کارە و ڕق و ڤینی خۆی بەرامبەر ئەو هاوسەر گیریە بەم جۆرە دەردەبڕێ.

یان هەندێکیان بەهۆی نەبوونی و بۆ پڕکردنەوەی خەرجی ژیانیان پەنا دەبەنە بەر ئەم کارە کە پێیان وایە دەتوانن لەم

ڕێگایەوە بنەماڵەکەیان باشتر بەخێو بکەن. بەڵام هەندێکی تریان ڕەنگە هیچ گرفتێک نەبێت و کەم دەرامەتیش نەبن، بەڵام وەک خوویەک ناتوانن واز لەم کارە بێنن و بەردەوام هەوڵی بۆ دەدەن. بەشێکی تریان کەدەست درێژیان دەکرێتە سەرو تووشی ئەم کارە دەبن لەلایەن کەسانێک لە بنەماڵەکانیان یان بەرپرسەکانیان بەزۆر ئەم کارەیان پێدەکرێت و ڕەنگەخۆشیان زۆر لەم کارە بێزار بن بەڵام لەژێر هەڕەشەدا ئەم کارەیان پێدەکرێت.

بۆچوونی جیاواز لەبارەی ژنانی لەشفرۆشەوە هەیە کە هەندێکیان پشتیوانی لیدەکەن وهەندێکیشیان نارازین..لە درێژەی پشتیوانییەکان لە ژنانی لەشفرۆش، لە ١٧ی دیسامبری ساڵی ٢٠٠٣ بە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوە توندوتیژی دژ بە ژنانی لەشفرۆش دانراوە ئەوەش بە یادی ئەو ٩٠ ژنەی کە لە سالەکانی ١٩٨٠ بۆ ١٩٩٠ بوونە قوربانی کوشتنە زینجیرەییەکان لە گرین ریور سیاتێل.
بێگومان ئەوە یاساییە لەو ولاتانە پیادە دەکرێ کە لەشفرۆشی تێیدا ئازادە، لە وڵاتانی ڕۆژهەلات یان بلیم وڵاتانێکی دواکەوتوو یاساکان دەگۆرین و جیاوازن هەندێک جار سزای زۆر قورس بۆ ژنانی لەشفرۆش دادەنرێت..

کەسانێک کە لایەنگری لەشفرۆشین پییان وایە کە ئەوە کارێکەو بۆ بە دەست هێنانی لایەنی مادییە و زیاتر وا دەکات ژنان لە لایەنی ئابووری سەربەخۆ بن، بەلام لە لایەکی دیکە کەسانی دژی ئەو کردەوەیە دەلین لەشفرۆشی بە مانای سەرکوتکردنی ژنان و رەواج دانە بە نایەکسانی جنسییەتی لە کۆمەڵگەدا. نیشانەیەکە لە نەبوونی ئازادی ژن لە هەڵبژاردنی ئەو کەسەی کە دەیهەوی پێوەندی سێکسی لەگەڵی هەبێت و دژبەرانی لەشفرۆشی پیان وایە کە ئەنجامی ئەو کار ە سوود و بەرژەوەندی لەشفرۆشی گۆریوە بۆ دەست درێژییەکی بەردەام.
بەگشتی لەش فرۆشەکان لە شێوەی گرووپ کار دەکەن یان هەیانە بەسەر بەخۆ کار دەکات و دەرامەتەکەی بۆ خۆی دەبێت، بەڵام ئەوانەی کە بە گروپ کاردەکەن لەژێر دەسەڵاتی کەس یان کەسانێک دا دەبن و ئەو دەڵاڵانە کریاریان بۆ پەیدا دەکەن و شوێن و کاتیان بۆدیاری دەکەن و بەشێکی زۆری قازانجەکەش بۆخۆیان دادەنێن.

لێرەدا کەدەبینین بەشێکی زۆری کۆمەڵگەکان تووشی ئەم گرفتە بوون ئەمەش یەکێکی ترە لە توندوتیژیەکان بەرامبەر ژنان دەکرێت و ژنان لەلایەن پیاوان یان لەلایەن خۆیانەوە دەچەوسێنەوە، ئەرکی ئێمە ئەوەیە بەهەموو شێوەیەک هەوڵ بدرێ بەکەم کردنەوە یان نەهێشتنی ئەم دیاردە و گرینگیدان بە بنیاتنانی کۆمەڵێکی تەندروست و پاک لەگشت بوارەکان بەتایبەت بواری ئەخلاق.

سەرچاوە: وێبلاگی کیژان - ڕێکەوتی: ١٢ی جانێوێری ٢٠١٣

## بزوتنەوەکانی ژنان و کێشەکانی سەر ڕێگەیان

بە سەرنجدان بە مێژووی پڕ لە سەروەری بزوتنەوەکانی ژنان لە جیهاندا و ئەو خەبات و تێکۆشانانەی کە ژنان دەیکەن بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان ,دەبینین کە لە ئێراندا بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی, گەشەکردنی بزوتنەوەکانی ژنان پێ بە پێی بزوتنەوەکانی ژنانی جیهان هەنگاو هەڵدێنێ.

هەڵگیرساندنی ئەم بزوتنەوانەی ژنان بە مەبەستی وەدەستهێنانی مافەکانی ژنان ئەنجام دەدرێن,هەوڵی گۆڕینی ئەو یاساو ڕێساو داب و نەریتانە دەدەن کە دژایەتی ژن و مافەکانی و ئازادیەکانی دەکات.کە بەردەوام لە لایەن دەسەڵاتی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە سەرکوت دەکرێن و ڕێگری لە جوڵانەوەکانی ئەم بزوتنەوانە دەکرێ. لە لایەکی دیکەوە لە هەندێک بۆنەو ڕێو ڕەسمی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ژنان ئەم دەرفەتانەش بە هەلێک دەزانن تا دەنگی کپ کراوی خۆیان بگەیەننە ڕای گشتی. هەروەک هەموومان شاهیدی ڕوداوەکانی دوای بە تاڵان برانی دەنگەکانی خولی سەرۆک کۆماری بووین، کە میللەت بە گشتی حزورێکی بەرچاویان بینی بۆ گەڕاندنەوەی دەنگەکانیان. ژنانیش ڕۆڵی بەرچاویان تێدا بینی ژنانێک کە شانبەشانی براو باوک و هاوژینەکانیان هاتنە سەر شەقامەکان و داوای پێدانەوەی دەنگەکانیان دەکردو بەم حزورە بەرچاوەیان ڕق و قینی ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیان بردە سەرو کە زۆر بە شێوەیەکی نامرۆڤانە کەوتە گیانی ئەو خەڵکە بێتاوانەو لە ناویاندا ژنانێکی مافخوراویان ڕەوانەی بەندیخانەو چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی کردو بە شێوەیەکی دڕندانە مامەڵە لە گەڵ ئەو ژنانە کراو ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆرو تا وەکو گەیشتە ئەوەی کەوتنە بەر ئازاری جنسی.

بە پێی هەندێک بیرو باوەڕ بزووتنەوەی ژنان بە بزوتنەوەیەکی سەربەخۆ دانانێن,بەڵکو دەیگەڕێننەوە چوارچێوەی بزوتنەوە سەرانسەریەکان، بەڵام بە بڕوای من ئەمە بۆچوونێکی دروست نیە چونکە ژنانێکی زۆر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی یەکسانی لە کۆمەڵگەکەیان و بەدیهێنانی مافەکانیان هەوڵیانداوە لە بزوتنەوە سەرانسەریەکان بەشداری بکەن، ئەگینا ئەگەر ئەو ژنە خواستی لە سەر بزوتنەوەیەکی ژنانە نەبێ ئەوا هەوڵی بەشداری لەو بزوتنەوە سەرانسەریەش نادا,هەروەک دەبینێ لە ماوەی زیاتر لە سێ دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا هیچ دەسکەوتێک بۆ ژنان و مافەکانیان نەبووە کەواتە ئەو ژنانە خواستیان زیاتریشە بە نوێنەرایەتی بزوتنەوەیەکی ژنانە بەشداری بزوتنەوە سەرانسەریەکان بن.

ئەگەر باس لە بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان بکرێ بەداخەوە دەبێ ئەو ڕاستیە بڵێین کە بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان چەندین ساڵ دوای وڵاتانی ڕۆژئاوا دەستی پێکردووە بەردەوامیش کێشەی خۆی هەبووە، یەکێک لە هۆکارەکان بە هۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیایی کوردستان کە بەردەوام مەیدانی شەڕی نێوان داگیکەران و وڵاتە زلهێزەکانی جیهان بووە. بۆ نموونە لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەهەم کە بووە مەیدانی شەڕی نێوان سەفەویەکان و عوسمانیەکان، یان لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم کە کوردستان کەوتە ژێر دەستی داگیرکەران و پارچە پارچە کرا. ئەمانە لە لایەک لە لایەکی دیکەوە بە هۆی دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردی و نەبوونی ڕۆشنبیری و ئاستی نزمی کۆمەڵایەتی لە ڕابردوودا.
سەرەڕای ئەوەی کە بزوتنەوەی ژنان لە کوردستان هەندێ بە دواکەوتنەوە هاتە مەیدان، بەڵام لەم سەردەمەدا دەبینین لە کوردستان بزوتنەوەی ژنان زۆر چالاکەو لە مەیداندا حزوریان هەیەو بوونی چەند ڕێکخراوو شەڵتەری تایبەت بۆ پارێزگاری لە مافەکانی ژنان، خەبات دەکەن بۆ چەسپاندنی مافەکانی ژنان و بەرەنگاربوونەوەی هەر چەشنە توندوتیژیەک و نایەکسانیەک دژ بە ژنان.

هەر کاتێک باس لە کێشەی پێک نەهێنانی بزوتنەوەیەکی سەربەخۆ بە ویستگەلی ژنانەوە دەکرێ ڕاستەوخۆ هۆکارەکەی دەگەڕێندرێتەوە بۆ نەبوونی ڕۆشنبیری و نزمی باری کۆمەڵایەتی یان نەبوونی یەکگرتوویی نێوان ژنان یان نەبوونی خوێندەواری و هەروەها زاڵبوونی داب و نەریتە دژە ژنەکان، ئەمانە هەمووی هۆکارگەلێک بوون بۆ دواکەوتنی بزووتنەوەی ژنان لەو سەردەمەدا. بەڵام لە ئێستادا کێشەی سەرەکی و هۆکاری بەرچاو دەگێڕمەوە بۆ دەسەڵات، کە گەورەترین هۆکارە بۆ سەرنەکەوتنی بزوتنەوەکانی ژنان ئەویش لە ڕێگەی دیاریکردنی چەند کەندو کۆسپێک لە ڕێگەی ئەم بزوتنەوانەو هەروەها لە کاروباری حکومەتیشدا تا بە ئیستا ژنێک ناتوانێ خۆی بپاڵێوێ بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری یان لە ڕێژەی وەزیرەکان و نوێنەرانی پەرلەمان زۆر بە زەقی دیارە کە چەند ڕێگرە لە بەشداری ژنان،لە سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات و دەسەڵاتدا.

بێگومان جگە لە دەسەڵات بە گشتی لە ئێران و لە کوردستان ژنان کۆمەڵە کێشەیەکی زۆر ڕووبەڕویان دەبێتەوە دەبنە ڕێگر لە بەردەم سەرکەوتنی ئەم بزوتنەوانە، بە کورتی دەتوانم لێرەدا چەند خاڵێک یان چەند هۆکارێک دیاری بکەم:

### ١- نەبوونی سەربەخۆی ئابوری:

بە یەکێک لە کێشە گرینگەکانی ژنان دادەنرێ، چونکە ئەگەر ئەو ژنە سەربەخۆییەکی ئابوری نەبێ بەردەوام لە بن دەستی پیاو دەبێ و لە ناچاریان هەرچیەک ڕووبەڕوی دەبێتەوە قبوڵی دەکات,چونکە دەرامەتێکی سەربەخۆی نیەو بەردەوام چاو لە

دەستی هاوژین یان باوک یان براکەیەتی.

**٢- نەبونی پشتیوانی یاسایی و دژایەتی بەردەوامی یاساکان و پێشێلکاری مافەکانی ژنان دەکرێ:**

زۆر بە ئاشکرا دیارە کە یاساکانی ئێران بە هەر سێ جۆرەکەی( یاسایی ئەساسی، یاسایی کیفری، یاسایی مەدەنی) زۆر بە ئاشکرا دژایەتی ژن و مافەکانی ژنان دەکا. بە یاسا دژە ژنەکان ناودێر کراون ئەم یاسایانە لە چوارچێوەی چەند ماددەی تایبەت بە(مافی تەلاق، میرات، نەفەقە، مارەیی ژن، یان مافی سەرپەرشتی منداڵ) وە چەندین نموونەی هاوشێوە بە ئاشکرا دان بە توندوتیژی دژ بە ژناندا دەنێت، پێشێلکاری مافەکانیان دەکات.

**٣- نەبونی سەربەخۆیی فکری و تاکەکەسی:**

تا ئەو ژنە خاوەن کەسایەتی سەربەخۆی خۆی نەبێت بە بیرکردنەوەی سەربەخۆ دەتوانێ بڕیار بدا کە ئایا تا چەندە توانایی تاکەکەسی دەبێت بۆ بەرەنگار بونەوەی ئەم توندوتیژی و نایەکسانیانەی ڕووبەروی دەبێتەوە.واتە تا ئەو کەسە هەستی بڕوا بەخۆبوونی نەبێ ناتوانێ خۆی لە دەستی ئەم زوڵم و زۆرداریە رزگار بکاتوبۆیە دەڵێم (تا ژن خۆی هەوڵ نەدات کە رزگاری بێ لەو کەندو کۆسپ و زنجیرانە، ئەوا کۆمەڵگەش ئازاد نابێ).

**٤- بوونی داب و نەریتە دژە ژنەکان، نەبوونی پشتیوانی کۆمەڵایەتی بۆ ژنان:**

ئەوە شتێکی دیارە کە هەر کۆمەڵگەو میللەتێک کۆمەڵێک داب و نەریتیان هەیە کە بە تەواوی لە ناو خەڵکدا جێگیر بوون وەک یاسایی نەنوسراو پەیڕەویان دەکرێت، بەڵام بەداخەوە هەندێک لەو داب و نەریتە باوانە بە دژی ژنان چەسپێنراون واتە بە جۆرێک بە دژی مافی ژن و ئازادی ژنان جێگیر بوون لە زۆر کۆمەڵگەدا، بۆ دروست کردنی کێشە بۆ ژنان پەنا دەبەنە بەر ئەو داب و نەریتانە. هەروەها نەبوونی پشتیوانێکی کۆمەڵایەتی بۆ ژنان کە لە کاتی تەنگانەدا ئەگەر بزانێ پشتیوانێکی هەیە لەو کاتەدا کە ڕوبەروی نابەرابەری دەبێتەوە، پشتیوانێکی هەبێ ئەوە ناچار نیە کە ئەو نابەراریە و کێشانە قبوڵ بکا.

**٥- نەبوونی حەقی نارەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە زوڵم و توندوتیژی:**

بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە تایبەت لە چینە ناوەندەکان زۆر بە کەمی ژن دەتوانێ نارەزایەتی دەرببڕێ، واتە ئەگەر

توندوتیژی و کێشەیەکی بەرەوڕوو بێتەوە ئەگەر متمانە و بڕوا بەخۆبوونی بەرز بێ ئەوا دەتوانێ ئەو زوڵم و ستەمە قبوڵ نەکا.

**٦- ڕێگە نەدان بە گەشەسەندنی ژنان لە بواری ئیداری و پۆستەکانی کاری دەوڵەتیدا:**

لە رژیمی کۆماری ئیسلامیدا یەکێک لە گەورەترین هەڵاواردنەکان کە لە سیستەمی دەوڵەتدا هەروەک پێشتریش ئیشارەم پێکرد تا بە ئیستاش ژن ناتوانێت وەک وڵاتانی پێشکەوتوو خۆی بپاڵێوێ بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری یان لە ڕێژەی وەزیرو نوێنەرانی پەرلەمان زۆر بە کەمی ڕێژەیەکی مەحدودە. لەو ناوەشدا لە پۆستە ئیداریەکان زۆر ڕێژەیەکی کەمی ژنان بەشدار بوون.

**لێرەدا دەتوانم بڵێم کە ئێمە هەریەکەمان دەتوانین لە خۆمانەوە دەست پێبکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بەردەم بزوتنەوەی ژنان و کێشەی ژنان بە گشتی، کە دەکرێ بەم دوو ڕێگایە هەوڵی چارەسەرکردنیان بدرێت:**

**یەکەم**: لە رووی کۆمەڵگەوە,کە ئەم ڕێگەیە رەنگە سەختتر بێ و کاتێکی زۆرتری بوێ تا جێ بە جێ دەکرێ، ئەویش بە هەوڵدان بۆ گۆڕین و رونکردنەوەی ئەو یاساو ڕێسا نەنوسراوانەی یان ئەو داب و نەریتە باوانەی ناو کۆمەڵگە کە ڕێگرن لە پێشکەوتنی بزوتنەوەی ژنان ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ چالاکانی بوارەکانی مافی مرۆڤ و چالاکانی بوارەکانی مافی ژنان کە هەوڵ بدەن لە ناو کۆمەڵگەکانی ئێران و کوردستان ئەم بابەتە روون بکەنەوە بۆ کۆمەڵگە.

**دووەم**: لە رووی سیستەمەوە, ئەم ڕێگەیە ئاسانتر جێ بە جێ دەبێ و ئیمکانی پیادەکردنی باشترە، بە هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو یاسایانەی کە هەروەک پێشتریش باسم کرد کە لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا پەیرەو دەکرێن و کاریان پێدەکرێ، بە ئاشکرا دان بە هەڵاواردنی رەگەزی ژندا دەنێ.
هەروەها بەشێکیش دەگێرمەوە بۆ ئەرکی ڕێکخراوەکانی چالاکی بواری مافی ژنان کە دەبێ زۆر لەسەر ئەم بابەتە پێداگری بکەن و هەوڵی پێکهێنانی بزوتنەوەیەکی ژنانەی گشتگیر بدەن. وە هەروەها ئاگادارکردنەوەی ژنان لە مافەکانیان و گرتنی کۆرو سمیناری تایبەت بۆ ئەم باسە.
لە کۆتاییدا گرنگترین بابەت دەگێرمەوە بۆ یەکگرتوویی ژنان ئەوە شتێکی ئاشکراو سەلمێنراوە تا ژنان خۆیان هاودەنگ و یەکگرتوو نەبن و بە یەکگرتویەکەیان هەوڵ نەدەن بۆ پێکهێنانی بزوتنەوەی ژنان ئەو کۆمەڵگەش هاوکار نابێ.

سەرچاوە: وێبلاگی کیژان - ڕێکەوتی: ٢٧ی جانیۆیری ٢٠١٣

## یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان یادگارەکە ی کۆماری کوردستان

هەر حکومەت و دامەزراوەیەک کۆمەڵێک دەسکەوتی گرینگی خۆی هەیە کە دەتوانێ لە مێژووی خۆی دا وەک قورساییەک بۆ سەرکەوتنی ئەو حکومەتە لێی بکۆڵدرێتەوە. وەک گرینگی دان بە مافەکانی مرۆڤ،مافی لاوان و ژنان و تاکی کۆمەڵگا.

بایەخ دان بە هەندێک ماف تایبەتمەندی خۆی هەیە و مێژوو سەرنجێکی گرینگ دەداتە ئەو بایەخانە.

بێگومان کۆماری کوردستان بە ڕێبەری پێشەوا قازی موحەممەد توانی لە مێژوودا ناوی خۆی بهێڵێتەوە وەک سەرجەم ئەو سیستەم و ڕێکخراوانە کە لە خزمەتی مافەکانی مرۆڤدا بوون.

کۆماری کوردستان بە تەمەنێکی کەمەوە ڕێنسانسێکی مەزنی لە نێو گەلەکەی دا تۆمار کرد کە ئەویش گرینگی دان بە مافەکانی ژنان بوو و بە دامەزراندنی ڕێکخراوی - یایان - واتە ڕێکخراوی پاراستنی مافەکانی ژنان کە یەکەم بەرپرسی ئەو ڕێکخراوە، مینا قازی،هاوسەری پێشەوا قازی نەمر بووە.

لەسەر دەمی ئێستا دا دامەزراندنی ڕێکخراوێک بۆ پاراستنی مافی ژن، هونەر نیە و ئەرکی چالاکانی مافەکانی ژنانە. بەڵام لەو سەردەمەدا واتە ساڵەکانی ١٩٤٥ی ز، دامەزراندنی وەها ڕێکخراوێک نەک هەر هونەر و ئازایەتیی بووە، تەنانەت نیشاندەری گەورەیی ڕۆحی مەزنی پێشەوا و دامەزرێنەرانی کۆمار بووە بە نیسبەت مافەکانی ژنانەوە.

دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە پەیامێکی گەورە بووە بۆ کۆمەڵگای پیاو سالاری و عەشایەری لەو سەردەمەدا، لە سەردەمێک دا کە لە بنەماڵە و کۆمەڵگا دا پیاو دەنگی یەکەم بوو و بگرە ژن بۆی نەبوە بە هیچ شێوەیەک هەڵوێست گر بێ. بۆیە کە دەتوانین دامەزراندنی وەها ڕێکخراو و هێنانە بەر باسی وەها مەسەلەیەک بە ڕێنسانس لەو سەردەمەدا ناو ببەین.

بە دڵنیاییەوە ئەگەر کۆمار پاش ئەو ماوەیە نەڕوخایە و تاکوو ئێستا ئەو سیستەمە ڕێبەری گەلی کوردی بکردایە، لە گەڵ سەردەمدا نوێ دەبوەوە و زۆر بەکەمی یان هەرهیچ گوێمان لە هەواڵی کوشتنی ژنان و کچانی گەلەکەمان نەدەبوو و تەنانەت کاریگەریشی لەسەر ژنان لە ئێران و ناوچەکەدا دەبوو.



سەرچاوە
Serchawe

مەبەست لەدامەزراندی ڕێکخراوی ژنان و باسکردن لە مافەکانی ژنان لەو سەردەمەدا، خۆ زەق کردنەوە یان خۆ ناودارکردنی پێشەوای نەمر نەبوو، چونکە پێشەوا جێگە و پێگەی خۆی هەر هەبوو و ڕۆحیاتی پێشەوا بەو شێوە بیرکردنەوە نەبوو، گرینگی دان بە مافەکانی تاک بەگشتی و مافی ژن بەتایبەتی ،بەشێکی گرینک لە فکریەتی پێشەوای نەمر بوو و بە خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە دەیڕوانیە ئەو دۆخە و بەرنامەییێکی تایبەتی بۆ داهاتوو داڕشتبوو. ئەگەر چی کۆمار تووشی رووخان بوو بەڵام دەسکەوتەکانی ئێستاکەش هەر ماون و دەپارێزرێن.

لە کوردستان دا بە دەیان ڕێکخراوی مافی ژنان دەبینین کە خەریکی چالاکی و تێکۆشانن، بێگومان دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوانەی ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فکریەتەی کە پێشەوا لە بیری دابو و هەوڵی بۆی دا. بەڵام ئایا بە بەراورد لەگەڵ ئەو سەردەمادا تواندراوە ڕێز لە مافەکانی ژنان بگیردرێ ؟ ئەوە کۆمەڵگای ژنان دەبێ هەڵیسەنگێنن.
یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان ئەو ڕێکخراوەیە کە درێژەدەری ڕێبازی ڕێکخراوی ژنانی سەردەمی کۆمارە و تاکوو ئێستاش بە هەوڵ و تێکۆشانی ژنانی دێموکڕات و پیاوانی مافخوازی ئەو حیزبە، هەر بەردەوامە و روو لە گەشەیە، ئەگەرچی ئەویش وەک ڕێکخراوەکانی دیکە بێ هەڵە و بێ کەموکوڕی نیە.
حیزبی دێموکڕات، ئەو حیزبەی کە پێشەوای نەمر یەکەم ڕێبەری بوو وەک پاڵپشتی ئەو ڕێکخراوە بەردەوام خۆی نیشان داوە و بۆ مانەوەی ئەو یادگارییەی پێشەوای نەمر و میناخانمی هاوسەری، لە هەوڵ دا بووە و پشت گوێی نەخستوە.

ئەوساڵ شەست و هەشت ساڵ بە سەر دامەزراندنی یەکەیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستاندا تێدەپەرێ،شەست و هەشت ساڵ بۆ تەمەنی ڕێکخراوێکی مەدەنی تەمەنێکی کەم نیە و خەبات و تێکۆشانێکی زۆری ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە بەم ڕۆژەی گەیاندوە کە جێگایشانازیە بۆ ئەندامان و لایەنگرانی.

یەکیەتیی ژنان لە ماوەی تێکۆشانی خۆیدا سێ کۆنفرانس و سێ کۆنگرەی گرتوە، کە هەر یەکێک لەو کۆنفرانس و کۆنگرانە دەسکەوتێکی گرینگن بۆ مێژووی ڕێکخراو.
بۆ بەقا و مانەوی ئەو ڕێکخراوە وهەروەها بۆ ئاگادار کردنەوەی کۆمەڵگا لە مافەکانی ژن، یەکەم ئەرکی ژنان ڕێزگرتنە لە مافەکانی خۆیان . هەر ژنێک نەتوانێ ڕێز لە مافی خۆی بگرێ، بە دڵنیاییەوە نابێ هیچ چاوەڕوانیەکمان لە پیاوان بێ کە ڕێز لە مافەکانمان بگرن. چونکە ژن خۆی دەتوانێ پارێزەری مافی خۆی بێ. ڕۆحی یەکتر ویستن و یەکتر قەبوڵکردن لە نێو ژنان دا، مەزنترین کردەوەیە بۆ سەرکەوتنی مافەکانی ژن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی مارچی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

# ژن و هەستی بروا بەخۆبوون

بێگومان هەستی بروا بەخۆبوون لای ژن یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی ژنێکی ماف زەوت کراو هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکەی بدات لەو رێگەوە کە بروای بە خۆی و هەیە.

بە گشتی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کەمتر هەستی بروا بەخۆبوونیان بەرزەو هەر ئەم هۆکارەشە کە زۆرێک لە ژنان تا بە ئێستاش یان دوای تێپەربوونی تەمەنێکی زۆر لە ژیانیان ئەو زوڵم و توندوتیژیانەی لە لایەن بنەماڵەکانیان یان کۆمەڵگەکەیان بەرەوروویان دەبێتەوە قبوڵ دەکەن.

دەکرێت بڵێین کە بە گشتی بوونی چەند بۆچوونێکی هەڵە وەک ئەوەی کە ژن لە باری جسمانیەوە بێ هێزەو پیاو بەهێزترە، یان ئەوەی کە پیاو گەورەی ماڵە و یا دەبێت هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی پیاودا بێت، یان بوونی جیاوازی ئاستی خوێندەواری، یاخود جیاوازی ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی، یان جیاوازی دانان لە مەیدانی کار لە نێوان رەگەزی ژن و پیاو، و یان چەندین نمونەی دیکەی لەو شێوەیە کە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ژن نەتوانێت تا رادەیەک هەستی بروا بە خۆبوونی بەرز بێت یان هەر هەیبێت.

لە هەر کۆمەڵگەیەک کە تا رادەیەک کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو بێت یان کۆمەڵگەیەکی پیاوسالار بێت، بوونی چەند نمونەیەکی وەک ئەوانەی لەسەرەوە باسم کرد ئەو کۆمەڵگەیە بەدڵنیاییەوە رێگر دەبێت بۆ ئەوەی ژنێک تواناییەکانی خۆی تاقی بکاتەوە هەستی بروا بەخۆبوون و هەستی ئەوەی کە خۆی پاڵپشتی خۆی بێت کەم دەکاتەوە.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان کە دەتوانین بڵێین ئەو هۆکارەش کاریگەری هەیە لە سەر نەبوونی متمانەی ژنێک بە خۆی،ژن خۆیەتی. ئەم هۆکارە دەگێرمەوە بۆ ئەوەی کە خۆمان ژنان لە کۆمەڵگەدا زۆر جار دەبینە هۆی سەرنەکەوتنی ژنێک، بۆ نموونە کاتێک ژنێکی سەرکەوتوو دەبینین کە بوارێکدا سەرکەوتوە قۆناغێکی گرینگ لە ژیانی تێدەپەڕێنێت، بەداخەوە هەر لەو کۆمەڵگەدا ژنانێک دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەو ژنە سەرنەکەوێت جا لە رێگەی ئەوەوە کە پاڵپشتی ناکەن یان هەر رێگەیەکی دیکە کە هەستی بروا بەخۆبوونی ئەو ژنە دەشکێنن. ئەمە راستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە بەداخەوە لە کۆمەڵگەکاندا نموونەی لەو جۆرەمان زۆر هەیە. بەڵام زۆر جاریش بە خۆشیەوە دەبینین کە هەر ژنانن دەبنە پاڵپشت بۆ



سەرچاوە
Serchawe

سەرکەوتنی ژنێک لە بوارێکدا. کەواتە پاڵشتی ڕەگەزی ژن بۆ هاورەگەزەکەی خۆی هۆکارێکی گرینگە.

لە لایەکی دیکەوە بوونی بنەماڵەیەکی پیاوسالار، کە زیاتر لە ژیانی هاوسەریدا ئەم نموونەیە زۆر بەرچاوە.ئەو جۆرە پیاوانە لە بەر ئەوەی کە هاوسەرەکانیان هەستی بروا بەخۆبوونیان بەرز نەبێت و لە بەرئەوەی نەوەک لەو ژیانە دۆزەخەی هەیانە هەوڵی دەرباز بوون بدەن بەردەوام هەوڵی بە کەم سەیر کردن و بە کەم زانینی ژن دەدەن، تا لەم ڕێگەوە ئەو ژنە بەردەوام خۆی بە کەسێکی کەم بزانێت.
نەبوونی هەستی بروا بەخۆبوون زۆر جار دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ژنێک کە لەژیانێکی ناخۆش بەخۆبوون و هەستی ئەوەی کە خۆی پاڵپشتی خۆی بێت کەم دەکاتەوە.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان کە دەتوانین بڵێین ئەو هۆکارەش کاریگەری هەیە لە سەر نەبوونی متمانەی ژنێک بە خۆی،ژن خۆیەتی. ئەم هۆکارە دەگێرمەوە بۆ ئەوەی کە خۆمان ژنان لە کۆمەڵگەدا زۆر جار دەبینە هۆی سەرنەکەوتنی ژنێک،بۆ نموونە کاتێک ژنێکی سەرکەوتوو دەبینین کە بوارێکدا سەرکەوتوە قۆناغێکی گرینگ لە ژیانی تێدەپەرێنێت، بە داخەوە هەر لەو کۆمەڵگەدا ژنانێک دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەو ژنە سەرنەکەوێت جا لە ڕێگەی ئەوەوە کە پاڵپشتی ناکەن یان هەر ڕێگەیەکی دیکە کە هەستی بروابەخۆبوونی ئەو ژنە دەشکێنن. ئەمە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە بەداخەوە لە کۆمەڵگەکاندا نموونەی لەو جۆرەمان زۆر هەیە. بەڵام زۆر جاریش بە خۆشیەوە دەبینین کە هەر ژنانن دەبنە پاڵپشت بۆ سەرکەوتنی ژنێک لە بوارێکدا. کەواتە پاڵشتی ڕەگەزی ژن بۆ هاورەگەزەکەی خۆی هۆکارێکی گرینگە.

لە لایەکی دیکەوە بوونی بنەماڵەیەکی پیاوسالار،کە زیاتر لە ژیانی هاوسەریدا ئەم نموونەیە زۆر بەرچاوە.ئەو جۆرە پیاوانە لە بەر ئەوەی کە هاوسەرەکانیان هەستی بروا بەخۆبوونیان بەرز نەبێت و لە بەرئەوەی نەوەک لەو ژیانە دۆزەخەی هەیانە هەوڵی دەرباز بوون بدەن بەردەوام هەوڵی بە کەم سەیر کردن و بە کەم زانینی ژن دەدەن،تا لەم ڕێگەوە ئەو ژنە بەردەوام خۆی بە کەسێکی کەم بزانێت.

نەبوونی هەستی بروا بەخۆبوون زۆر جار دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ژنێک کە لەژیانێکی ناخۆش و نایەکساندا دەژیت هەوڵی ئازاد بوون لەو کەندو کۆسپانە بدات. بۆ نموونە ژنانێک لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە کە بەردەوام بە بوونی ژیانێکی تاڵ دەناڵێنن. بەڵام بە هۆی نەبوونی هەستی بروا بەخۆبوون ئەو تواناییەیان نیە کە بچنە بەردەم درگای دادگا و داوای مافەکانی خۆیان دەکەن،چونکە ترس لە ژیانی داهاتووی بە بێ پیاو و گەورەی ماڵ، یان نەبوونی کەسێک کە دەرامەتەکانی ژیانی ئەو ژنە بدات.ئەو ترسانە دەبنە ڕێگر بۆ بەدەستهێنانی هەستی بروا بەخۆبوون. بەڵام ئەگەر هەستی



سەرچاوە
Serchawe

بروا بەخۆبوونی بەرز بێت بە بێ گوێ دان بەو گریمانانە خۆی سەربەستانە داوای مافەکانی دەکات و هەوڵی بەدەستهێنانی دەرامەتێکی سەربەخۆ دەدات تا دوای هەڵوەشانەوەی ژیانی هاوسەری یارمەتیدەری خۆی و منداڵەکانی بێت.

**به گشتی دەتوانم چەند خاڵێک وەک هۆکار بە بەهێز بوونی هەستی بروا بەخۆبوون ئەژمار بکەم.کە بریتین لەمانەی خوارەوە:**

١- بەردەوام بیرکردنەوە بە شێوەیەکی باش لە بارەی خۆتەوە. هیچ هۆکارێک نیە کە بە ئەندازەی بیرکردنەوەی باش و موسبەت لە بارەی خۆتەوە، کە بە شێوەیەکی زۆر باش کاریگەری هەیە لە سەر بەهێز بوونی هەستی بروابەخۆبوون.

٢- گرنگیدان بە بواری تەندروستی. زۆر بە باشی ئاگاداری بواری تەندروستی خۆت بە و لە هەموو ئەو هۆکارانەی کە بواری تەندروستیت تێک دەدەن دوور بکەوە.

٣- گرنگیدان بە بواری جل و بەرگ و شێوەی دەرەوە و رێک و پێکی.

٤- یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان، وەرزش کردنە.چونکە وەرزش دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ وزەی زۆر بێت، کەواتە کە وزەی زۆر بێت، هۆکارێک دەبێت بۆ ئەوەی هەستی بروا بەخۆبوونی بەرز بێت.

٥- بەردەوام کە کارێکی باشت ئەنجامدا یان سەرکەوتنت لە بوارێکدا بەدەست هێنا، هەوڵ بدە لە وجودی خۆتدا تەشویقی خۆت بکەی. چونکە بە هاندانی خۆت زیاتر هەستی بروا بەخۆبوونت بەرز دەبێت.

٦- بەردەوام ئەو بۆچونانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی تۆمەت لە خۆتان یان لە شخسیەتتان بدات لە بیر بکەن و گرینگی بەو بۆچونانە مەدەن کە دەبنە هۆکاری نزم بوونی هەستی بروابەخۆبونتان.

٧- هیچ کات لە مافێک کە تایبەت هی خۆتانە گوزەشت مەکەن. چونکە ئەگەر جارێک خۆتان مافەکەی خۆتان پشت گوێ خست ئەوە بۆ جارێکی دیکە لە لایەن کەسانی دیکەوە مافەکەتان زەوت دەکرێت.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم کە ژنان دەبێت پاڵپشتی یەکتر بن و ژنان خۆیان هاندەر بن بۆ ژنە هاورێکەیان،چونکە بە دڵنیاییەوە شکاندنی شەخسیەت و کەرامەتی ژنێک لە لایەن ژنێکی دیکەوە دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی گشت ژنانی ئەو کۆمەڵگە.

سەرچاوە: ویبلاگی کیژان - ڕێکەوتی: ٢٨ی جانێوێری ٢٠١٤

## کێ بەرپرسیارە لە مەڕ کوشتنی ژنان

بە داخەوە ئەوەی کە لە ماوەی چەند مانگی پێشوو بۆ ژنان لە کوردستان بە تایبەت پارچەکانی باشور و ڕۆژهەلاَت رویداوە تەنانەت لە دەرەوەی کوردستانیش لە ولاَتانی ئوروپایی کارەساتی زۆر دلَتەزێن و جەرگبڕن. کە ڕۆژانە بیسەری چەندین هەوالی دلَتەزێنی کوشتنی ژنان لە لایەن هاوسەر یان باوک یان براکانیان بوون،یاخود بە شێوەیەکی تر بوونە هۆی ئەوەی کە ئەو ژنە ئەوەندە لە ژیان بێزار بوویێت خۆی کۆتایی بە ژیانی هێناوە.

ئەوەی کە من دەمەوێ لێرەدا باسی بکەم ئەوەیە کە بۆ بێدەنگین؟ مەبەست لەوە تاکێکی کۆمەلَگە یان رێکخراوو چالاکانی مافی مرۆڤ و چالاکانی مافی ژنانە. بۆ دەبێ بێدەنگ بین بەرانبەر ئەو هەموو کارەسات و رووداوە دلَتەزێنانەی روبەرووی ژنی کورد دەبێتەوە؟ بەداخەوە لە ولاَتانی ئوروپایی ڕەوەندی کورد ناوێکی دیارو تا رادەیەک ناسراوە بۆ کوشتنی ژنان بە تایبەت لە ماوەی چەند مانگی رابردوو.

ئەگەر سەرنجمان دابێتە بلاَوبونەوەی ئەو هەوالاَنە، زۆربەی ئەو هەوالاَنە بە شێوەیەک دارێژراون کە هۆکاری ئەورووداوە دەگێرنەوە بۆ هۆکاری کۆمەلاَیەتی. ئایا ئەم هۆکارە کۆمەلاَیەتیە دەبێ چی بێ کە ڕۆژ نیە ئافرەتێکی کورد لە پێناوی نەبێتە قوربانی؟ ئایا مەبەست لەو هۆکارە کۆمەلاَیەتیە یەکێک لەمانەیە؟ درێژە پێدانی خوێندن و چونە زانکۆ یان خۆشەویستی نێوان دوو گەنج یاخود داوای جیابونەوە لە ژیانێکی هاوبەش کە ناتوانن درێژە بەو ژیانە بدەن، یان رێگە پێ نەدان بە کارکردنی ئەو ژنە لە دەرەوەی مالّ، یاخود رازی نەبون بە ئەوەی کە هاوسەرەکەی ژنی بەسەر بێنێ، یان چەندین هۆکاری لەم شێوە کە مافی ژنە وەک پیاو بەلاَم بەداخەوە دەبینین کە هەندێک لە پیاوان ئەمانە بە مافێکی ڕەوا بۆ ژن نازانن و لە بەرانبەردا ژیانی لێ دەستێنن و دواتر دەلێن بە هۆکاری کۆمەلاَیەتی کوژرا یان خۆی ژیانی لە خۆی ستاندەوە.

کاتێک دوو هاوسەر دەزانن چیتر ناتوانن پێکەوە درێژە بە ژیانی هاوبەشیان بدەن، باشترین رێگە بۆ دەرباز بوونی خۆیان لە کێشە و گرفت و هەروەها دابین کردنی ژیانێکی ئارام بۆ مندالَەکانیان جیابونەوەیە. چونکە ژیانی هاوبەش کە بە شێوەی شەر و جەنجالّ بێ لە دوارۆژ کاریگەری لە سەر باری دەروونی مندالَەکانیان دەبێ و باشترین رێگە دوای گفتوگۆ و پێکەوە نەگونجان و چارەسەر نەکردنی کێشەکان جیابونەوەیە.

کاتێک هەواڵێکی کوشتنی ژنان بڵاو دەبێتەوە، چالاکانی مافی مرۆڤ و مافی ژنان و ڕێکخراوەکانی پارێزگاری لە مافی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەونە چالاکی و ئەو ڕوداوە مەحکوم دەکەن. بەڵام بۆ تا بە ئێستا ئەو چالاکی و هەنگاوانە نەیانتوانیوە ئەو ڕوداوانە بنبڕ بکەن؟ یان بۆ نەیان توانیوە ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی کە هۆکارن بۆ گیان لە دەستدانی ئەو ژنە چارەسەر بکەن؟

دەکرێت ئەمەش هۆکاری خۆی هەبێ وەک نەبوونی ئاستی ڕۆشنبیری پێویست لە کۆمەڵگا. بەڵام ئەو پیاوەی کە لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەک وڵاتێکی ئوروپایی دەست دەبات بۆ کوشتنی هاوسەرەکەی، ئایا ئەو تاکەی کۆمەڵگا دوای چەندین ساڵ ژیان نەیتوانیوە ئەو کلتورە پیاوسالاریەی خۆی لە ناو بەرێت؟ بێگومان ئەو کەسە کە بیروباوەڕێکی پیاو سالاری هەیە هەر بەو بیر و باوەڕەشەوە دەچێتە ئەو وڵاتەو گۆرانکاری بە سەر بیر و بۆچونی ناهێنێ و دواتر بە یەکێک لەو هۆکارە کۆمەڵایەتیانەی کە باسم کردن کۆتایی بە ژیانی هاوسەرەکەی یان خوشک و کچەکەی دەهێنێ و پەروەندەیەکی خراپ بۆ خۆی و میلەتەکەی لەو وڵاتە لە پەیوەندی بە کوشتنی ژنان تۆمار دەکات.

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە لە ماوەی ڕابردوو چەند کیژێکی گەنجی پێ بووە قوربانی، هۆکاری خواست بۆ درێژە پێدانی خوێندن و چونە زانکۆ بوو. بێگومان خوێندن و بردنە سەری ئاستی رۆشنبیری و خوێندەواری هۆکارن بۆ بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەی کوردی، بەڵام بەداخەوە هەندێک چونە خوێندنگە و زانکۆ بۆ کچان بە کارێکی نارەوا دەزانن و ڕێگر دەبن لە درێژە پێدانی خوێندن تا ئەوەی ڕێگە بە خۆیان دەدەن کە گیانی ئەو کچە بستێنن.

باشە بۆ دەبێ لە سەر ئەوەی کەسێک پێشبکەوێ و ئاستی زانیاری بچێتە سەر بکوژرێ؟ ئەمانە پرسیار گەلێکن کە بەردەوام دەبێ بە دوای وەڵامەکانیاندا بگەڕێین و هیچ وەڵامێکی دروست و مەنتقی بۆ نادۆزرێتەوە.

بەردەوام دەڵێین دەبێ لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی کۆرو سمیناری تایبەت هەوڵی زیاتر هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگە بدەین و زیاتر چینەکانی کۆمەڵگە بە مافەکانیان ئاشنا بکەین. بەڵام بۆ تا ئێستا ئەو سمینار وکۆرانە نەگەیشتونە ئەنجام؟ بە دڵنیاییەوە ئەم کێشەیە پێویستی بە لێوردبونەوەو خوێندنەوەی زیاترە.

یاسا وەک پارێزەری مافی مرۆڤەکان ئەژمار دەکرێ، بەڵام لە وڵاتێکی وەک ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە یاسا و دادگاکانی ئەو وڵاتە زۆر بە ئاشکرا و لە چەندین برگەی یاساکانیدا باسی نابەرابەری نێوان ژن و پیاو و توندوتیژی و بەردباران کردنی ژنان دەکرێ، کەواتە ئەوە هۆکارێکە بۆ ڕوودانی ئەو هەموو قەتڵانەی کە دەکرێ بەرانبەر ژنان و هەر

جارەش بیانویەکی بۆ دەهێندرێتەوە و تاوانەکەی پێ پەردەپۆش دەکرێ.

هۆکارێکی دیکە دەگێرمەوە بۆ خودی ژنان، چەندین جار ڕوویداوە کە بە هۆی پیلانی ژنێک بۆ هاورەگەزەکەی خۆی بۆتە هۆکار ژیانی ژنێکی دیکە بستێندرێ. بۆ نمونە وەک کێشەی نێوان خەسوو و بووک یان دوو هەوێ یان براژن یان چەندینی دیکە. بە هۆی ئەوەی کێشەیەکیان لە گەڵ یەکترهەیە و ئەوی تریان وای کردوە کە لە هاوسەر یان باوک یان برا ژیانی ژنە بستێنێ و ببێتە هۆکارێک بۆ کۆتایی پێهێنانی ژیانی هاورەگەزەکەی خۆی.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم با چیتر دەستتان بە خوێنی ئازیزانتان سور نەبێت، چیتر مەبنە هۆی ئەوەی ژیانێکی شیرین لە کەسێک بستێنن، ئاوات و ئارەزووی کەسانێک مەخەنە ژێر گڵ، چونکە هەموو مرۆڤێک مافی خۆیەتی ئەو جۆرەی دەیهەوێ درێژە بە ژیانی بدات. با چیتر بێدەنگ نەبین لە بەرانبەر ئەو تاوانەی ڕوبەڕووی ژنان دەبێتەوە،با لە خۆمان ژنانەوە دەست پێبکەین کە ڕێگە نەدەین هاورەگەزەکانمان ئاوا بە ئاسانی ببنە قوربانی دواکەوتویی و کۆمەڵگەی پیاوسالاری.

با هەمووومان هەر تاکێکی کۆمەڵگەمان و گشت چالاکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی مافی ژنان هەوڵ بدەن بۆ بنیاتنانی ژیانێکی ئارام دوور لە هەر چەشنە توندوتیژی و کوشتنێکی ژنان.

سەرچاوە: ویبلاگی کیژان - ڕێکەوتی: ١ی فێبریوێری ٢٠١٤

---

## مصاحبه: خانم فرزانه کیوانی:

### کردستان و آذربایجان دارای شرایط و مشترکات فرهنگی، مرزی و جغرافیایی فراوانی هستند،

### بیوگرافی خانم فرزانه کیوانی:

در سال ۱۳۵۲ ماه ۱۲ روز نهم در شهر تهران متولد شدم، ما اهل آذربایجان غربی هستیم شهر ماکو، تحصیلات ابتدایی تا دوران کارشناسی ارشد را در شهر تهران به پایان رساندم، رشته تحصیلی من هنر بود و تخصص من ادبیات نمایشی که در مقطع لیسانس از دانشگاه تهران و در مقطع کارشناسی ارشد از دانشگاه تربیت مدرس فارغ التحصیل شدم. از دیگر فعالیتهای من مقاله نویسی در حوزه‌های فرهنگی، هنری و اجتماعی بود که در نشریاتی چون: فصلنامه هنر،هنر نمایشی، پیام شمال و روزنامه هایی چون: اعتماد ملی به چاپ رسیدند.حوزه تخصصی کاری من سبک شناسی است که تز پایان تحصیلاتی من در کارشناسی ارشد درباره مکتب رمانتیک است و رمانتیسیسم مکتبی است که به طور تخصصی درباره آن به تحقیق و کار پرداخته‌ام.

همزمان با تحصیل اقدام به تأسیس یک موسسه فرهنگی هنری به نام آوای سرو شمال در شهر رشت نمودم. سالهای پایانی تحصیلات من مواجه شد با پیشنهاد کارهای سینمایی از طرف مرحوم سرهنگی که به حق از بهترین تهیه کنندگان سینمای فرهنگی ایران بود،ایشان تهیه کنند فیلمهای کوتاه و بلندی حول محور کردستان نیز بودند. اما بد از مرگ ایشان حوزه فعالیت من بیشتر متوجه فیلمهای کوتاه شد، که یکی از آنها فیلمی است به نام پنجره که من دستیار کارگردان بودم این فیلم در بی‌بی‌سی فارسی در برنامه آپارات هم به نمایش درامد است. و جوایزی هم برده. من در ادامه فعالیتها و تحصیلم موفق به دریافت پذیرش دکترا از دانشگاه حاجت تپه در شهر آنکارا شدم، آنجا هم یکی از فعالیتهای من ساخت ساز و کمک به دوستان جوانتر فیلمساز بود. اما به دلایلی موفق به ادامه تحصیل نشدم و دوره دکترای من نیمه کار رها شد. پس از مراجعت به ایران مجددا به کار پژوهش و مستند درباره زنان روی آوردم. در این زمینه همیشه با فعالین زنان، سازمانهای مرتبط با زنان و کودکان در ارتباط بودم. از جمله کارهایی که آغاز نمودیم کار و فعالیت مستند در باره زنانی بود که در زندانها مورد تجاوز و بی‌حرمتی جنسی و روحی قرار گرفته بودند که متاسفانه ناتمام ماند.

**روژه عزیزی: خانم کیوانی، به چه دلایلی زنان فعال ایران به خارج از کشور روی میاورند؟**

**فرزانه کیوانی:** مردم در ایران خسته‌اند. با توجه به سیستم ناپایدار و قوانینی که همیشه از امروز به فردا متفاوت است، انسانها دچار یک سردرگمی روز افزون هستند، همه عقاید، رفتارها و حرکت شما باید در چهار چوب این نظام قرون

وسطایی باشد اگرنه، نه در سیستم جا خواهید افتاد و نه به شما اجازه ابراز وجود میدهند، اما با تمام این تفاسیر زنان در جامعه ایران همیشه نقش بزرگی ایفا کرده‌اند. اما توهینها، تحقیرها، بایدها و نبایدهای مضاعف که همه وجوهات زندگی شمارا مورد حمله قرار میدهد، گروه بزرگی از زنان کشور من (ایران) را وادار به کوچ اجباری کرده است، به ویژه اگر شما به عنوان یک زن اهل خاموشی نباشید و به مسائل پیرامون خود واکنش نشان دهید، آنوقت است که جامعه مرد سالار و حکومت زن ستیز ایران توان تحمل شما را نخواهد داشت، و عرصه را بر شما تنگ خواهد کرد. من همیشه از زمان دانشجویی و در کارهای گروهی مختلف در بحثها و گفت و شنودهای آن زمان تا امروز بر این باور بودم و هستم که آنچه ایشان با آن سر جنگ دارند چیزی نیست. جز باورها و اندیشه هایی که مارا به حقایق جهان آشنا می‌کند. دلیل مبارزه این رژیم با اندیشه ورزان، که به خصوص این روزها در مبارزه با علوم انسانی و فرهنگ بسیار جلوه گری می‌کند ترس از مسائلی است، که مبارزه با آن اگر چند صباحی به زور زندان و خفقان امکان پذیر باشد اما تیر بر ماه افکندن است، حالا شما بیائید جنسیت من و زنان همچون من را به این فعالیتها پیوند بزنید. نتیجه چه خواهد شد، یا ماندن بها دادن و مبارزه نفس گیر، یا رفتن رها شدن از تهدیدهای همیشگی و تحمل فرازو نشیبهای غربت، که در هر دو صورت این بهای سنگینی است که یک نظام تمامیت خواه بر گرده زنان ایران گذاشته است. همین روزها که باهم در حال گفتگو هستیم، حتما خبر تعطیلی و انحلال خانه سینما به گوشتان خورده است حلقه محاصره بر علیه گروه فرهنگ و هنر ایران روز به روز تنگ تر میشود،این حذفها تا کجا ادامه خواهد داشت و چه عواقبی برای فعالین این گروه دارد تنها چیزی است که برای تصمیم گیران این سیاست اهمیتی ندارد.

**روژه عزیزی**: **فعالیتهای شما در داخل ایران به چه شیوه‌ای بود؟ ایا متمرکز شیوه‌ای خاصی بود؟**

**فرزانه کیوانی**: از آنجایی که من همیشه در حوزه‌های فرهنگی و هنری کار کردم، همیشه مدیای فرهنگی را به عنوان راهی برای گسترش آگاهی در بین مردم انتخاب میکردیم، حالا این ابزار گاه تئاتر بود گاه سینما و گاه مقاله نویسی. در پژوهش و مستند سازی راجع به زنان با گروهای دیگر همکاری داشتم، در زمانهای‌های خاصی از شرایط ایران یا در اقلیمهای متفاوت گاها این مستندات رنگ و بوی خاصی می‌گرفتند. که همیشه هم موفق به ارایه این آثار نبودیم.

**روژه عزیزی**: **آزادی زنان در ایران از دیدگاه شما چه تعریفی دارد؟**

**فرزانه کیوانی**: هرگاه که وارد چنین گفتگوهایی میشویم، از جوابهای خودم هم آزرده میشوم. اما با توجه به تجربه‌های تلخی که در این مدت داشتیم، باید راجع به کدام آزادی و در کدام ایران حرف بزنیم، کدام تعریف میتواند روشنگر وضعیت



سەرچاوە Serchawe

حاد و نابسامان ایران باشد، البته این شرایط تازه به وجود نیامده محصول یک تفکر ۳۳ ساله زن ستیز است، اما هرچه جامعه بیشتر رشد کرد و به خصوص زنان بیشتر از لحاظ سطح سواد به جایگاهای بالاتری رسیدند، بیشتر متوجه نابسامانیهای فردی و اجتماعی و حقوقی خود شدند. من به این امر اعتقاد راسخ دارم که اگر امروز در غرب زنان دارای حقوق حقه بیشتری هستند، برای آن مبارزه کردند، اما از طرف دیگر چون آزادی را محصول تولیدی که در دست دیگران باشد نمی‌دانم و معتقدم با انسان این حق زاده شده است، استحقاق زنان کشورم را از هر ملیتی که باشند، کم از ایشان نمی‌دانم که گاه به این نتیجه می‌رسم که زنان سرزمینم به جهت فشارهای بیش از حد با هر مانعی جنگیده‌اند و تحلیلها و شناختشان از جهان پیرامون اگر بیشتر نباشد از دیگران کمتر نیست. در ایران هیچ کس از خانواده بگیرید تا مذهب و دولت هیچ گاه تعریفی از آزادی برای جامعه زنان نداده است، همیشه مانع بوده، و این شما هستید که باید بر این موانع پیروز شوید همیشه بدون آنکه زنان در قانون گذاری سهیم باشند برایشان قوانین و بایدها و نبایدهای ریزو درشت نوشته شده است حال این قوانین می‌خواهد خانوادگی باشد، مذهبی یا دولتی. و به حق با تمامی سختی‌ها زنان سرزمین خورشید توانسته‌اند در به دست آوردن آنچه که از آنها ربوده شده است، موانع سختی را کنار بزنند، کم نیستند زنان بزرگ و نامدار ایرانی که در راه آزادی شکنجه شدند، از خانه و خانواده دور افتادند ولی همچنان بر اعتقاد خود ایستاده‌اند. ولی این راه راه دشواری است، از موانع نباید هراسید در هر کجای جهان که هستیم به خصوص اگر در کشورهای نسبتا امنتری زندگی می‌کنیم وظیفه و باری که بر دوش ماست سنگین تر است و این مبارزه ادامه دارد. باید به نسلهای آینده که از ما باقی خواهند ماند میراث بزرگتری بسپاریم.

**روژه عزیزی**: شما یکی از فعالان سینمای ایران بودید، نقش زنان در سینمای ایران و رسانها به چه شیوه‌ایست؟ ایا در ایران جایگاه خاصی برای زنان در هنر وجود دارد؟

**فرزانه کیوانی**: کاملا به حق و بجاست که از زنان بزرگ این عرصه یاد کنیم و باور کنیم که این عرصه هنری در ایران زنان با ارزشی را به خانواده فرهنگی جامعه ما معرفی کرده است، زنان بزرگ و عزیزی چون خانم رخشان بنی اعتماد، فاطمه معتمد آریا، و خیلیهای دیگر که ما اینجا هدفمان لیست کردن اسامی نیست.زنان در عرصهای مختلف هنری چه نمایشی، چه تجسمی و چه هنرهای مستظرفه همیشه در ایران صاحب فکر، و خلاقیت بوده‌اند. ببینید یک مساله باید روشن شود که هیچ جایگاهی توسط هیچ شخصی به دیگری اعطا نمی‌شود به خصوص که این جامعه مفروض جامعه ایران باشد... اما آنچه امروز با تمام فشارها سختی‌ها و از همه مهمتر خطرات جلوه گری می‌کند، حضور زنان و دختران جوان در عرصه سینمای کشور است و بخصوص سینمای مستند. اما رسانه‌های دولتی، چون وقتی از رسانه‌ها میگوئیم ناخوداگاه ذهن به سمت رسانه‌های دولتی میرود مسلم است که زنان کارشناس و فن سالار بسیاری در رسانه دولتی مشغول به کار

هستند، اما آنچه که تولیدات این رسانه هارا احاطه کرده چندان قابل ارزش گذاری نیست. به نظر شما رسانه‌ای که چند سالی است تمام تلاشش شده تبلیغ چند همسری چه جایگاهی میتواند برای زن در نظر بگیرد؟

**روژه عزیزی**: نظرتان راجع به زنان کورد در کوردستان چیست؟ تا چند از انان شناخت دارید؟

**فرزانه کیوانی**: کردستان برای من از کودکی معنا داشت، همانطور که گفتم من در خانواده آذری تبار متولد شدم، کردستان و آذربایجان دارای شرایط و مشترکات فرهنگی، مرزی و جغرافیایی فراوانی هستند، از کودکی همیشه شاهد اختلاط این دو قوم در بین اقوام دور و نزدیک بودم. زنان و مردانی که وارد خانواده ما شده بودند، جدای از این روابط پدرم شخصیت نیکی داشت بسیار از و سپاسگزارم که هیچ گاه تعصبات خشک ملی را به ما آموزش نداد. همیشه به ترک بودنمان افتخار کردیم، اما در سایه احترام به همه ملت ایران، در کودکی کردستان زیبا را گشتم و در بزرگسالی به فراخور کار و گاها سفر مجددا به این سرزمین سفر کردم، در طی تحصیل دوستان و عزیزان بسیاری را از کردستان شناختم، که بعضا در زندگی من تاثیر گذار بودند، از بهترین اساتید رشته‌های ما در حوزه تئاتر دکتر قطب الدین صادقی هستند. که شاگردی ایشان برای ما افتخاری بزرگ بود، من تلاش کردم به این باور برسم که ایران با این تکثر فرهنگی زیباست، و هر ملتی حقوقی دارد که باید محترم شمرده شود، اما متاسفانه تبلیغات به شدت منفی حکومت مرکزی ملتها را از هم دور کرده است، پیشداوریهای سخیفانه درباره ترک و کرد و عرب بقدری آزار دهند هستند که همگی را در یک بی‌خبری و بی تفاوتی عجیب نسبت به یکدیگر فرو برده است. من با تمام آشنای که با شرایط اجتماعی و سیاسی کردستان دارم، در زمینه ارتباط با زنان کرد به شدت دچار کمبود هستم، و آشنایی زیادی با شرایط فرهنگی، کاری و دلمشغولیهای زنان این سرزمین ندارم. در شکل حرفه‌ای اگر بخواهیم بحث کنیم. اما دوستان کرد بسیاری دارم که در ارتباط با آنها هستم، و از دریچه ارتباط با آنها کرد و کردستان همدم روزهای سخت تنهایی غربتم شدند، فارغ از دلمشغولی‌های سیاسی و در دل خانواده.

**روژه عزیزی**: اکنون فعالیت هایتان در خارج از ایران بر چه اساسیت و در چه زمینه‌ایست؟

**فرزانه کیوانی**: این روزها با توجه به شرایط سختی که در ایران هست و مسئولیت‌هایی که من به عنوان یک انسان برای خود قائلم، به همکاری با امنستی مشغول هستم در شهر استاوانگر نروژ، و کماکان به این امید که فعالیتهای ما بتواند گرهی از مسائل انسانهای دربند و دردمند در ایران باز کند. از زمان حضورم در نروژ دو مقاله نوشته‌ام یکی به نام: زنان سرزمینم، زنان سرزمینش و دیگری به نام: زنان و اسلام سیاسی، که عنوان اول در اخبار روز و عنوان دوم در نشریه حزب

دمکرات کردستان و به زبان انگلیسی چاپ شد.،از دیگر کارهای که به همراه دوست گرامیم آقای سعدیه به آن پرداختیم ساخت یک مستند بود که اکنون در مرحله تدوین است و امیدواریم به زودی آماده شود. لازم به ذکر است که این فیلم با کمترین امکانات و بدون هیچگونه حمایتی ساخته شد، که یاد آور روزهای کار در ایران بود، حتا در مواردی سخت تر،

**روژه عزیزی**: آیا تا بحال اتحادیه‌ی زنان آذری خارج از ایران در راستای دوستی و بر قرار کردن رابطه با زنان کورد در خارج از ایران اقدامی انجام شده؟

**فرزانه کیوانی**: یکی از بهترین اتفاقاتی که میتواند برای رسیدن به این منظوربیفتد. ارتباط بین زنان این دو ملیت بزرگ ایرانی است، همانطور که بهتر از من مستحضرید، ارتباط در حوزه زنان میتواند تاثیرات بزرگی بر کلیات ساخت روابط دو ملت داشته باشد، ارتباطاتی گرفتم، که هنوز متاسفانه جوابی دریافت نکردم از جانب دوستان عزیزم، اما این کار حوصله بیشتری می‌طلبد که من کماکان بر آن اصرار دارم. آنچه که بر آن اصرار داریم تشکیل گروهایی جوانتر نه از لحاظه سنی، بلکه از لحاظه کاری است که بتوانند به مسائل مشترک و دردهای مشترک بپردازند، برای مثال ما یک صفحه بهمراه دوستان کرد در فیسبوک باز کردیم به نام اتحاد کردستان و آذربایجان برای نجات دریاچه ارومیه، شاید قدمی کوچک بود اما قرار گرفتن نام این دو در کنار هم فرخنده بود. در پی ارتباطت گسترده‌تری هستیم که امیدواریم فضای بهتری برای این دو گروه ایجاد کند و بتوانیم با نظرات و دیدگاهای بهتر وارد ارتباط سازنده تری با اتحادیه زنان کردستان شویم.

**روژه عزیزی**: سپاس و درود بی پایان جهت قبول کردن انجام این مصاحبه

**فرزانه کیوانی**: با سپاس فراوان از شما دوست گرامی برای ایجاد فضای این گفت و گو.

سەرچاوە: ویبلاگی کیژان - ڕێکەوتی: ١٢ی جانێوێری ٢٠١٣



سەرچاوە Serchawe

## شەهید هاشم عەزیزی

### ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان




شەهید هاشم عەزیزی کوڕی محەممەد ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی چاوی بۆ ژیان کردەوە. پاش تێپەڕکردنی قۆناغی ساوایی لە حوجرەی فەقێیاندا وەبەر خوێندنیان نا. دواتر لە یەکیک لە خوێندنگەکانی شاری بانە درێژەی بە فێربوونی زانست دا و، قۆناغەکانی خوێندنی تا پۆلی سێهەمی نەزەری بە سەرکەوتنەوە گەیاندە کۆتایی.

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٣٥٧ی گەلانی ئێراندا بە دژی ڕێژیمی بێزراوی پاشایەتی، کاک هاشمیش یەکێک لەو لاوە خوێنگەرمانە بوو کە بێ ڕاوەستان تێکەڵ بە شەپۆلی نارازیانی بوو. بە دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین و تێکۆشانی ئاشکرای حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا، بۆ دیفاع لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی پیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەی موجاهیدینی خەڵکی ئێران دامەزراند و تێکۆشانی تەشکیلاتی لەو ڕێکخارەوەیەدا دەست پێدەکا. دواتر لە ئاخیری ساڵی ١٣٥٩ی هەتاویدا بە هۆی شەهید کاک عومەری ڕەحیمی ڕووی کردە بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان و تێکەڵ بە کۆڕی هاوسەنگەرانی بوو و لە بەشی چاپەمەنی کومیتە شارستانی بانەدا ئەرکی بۆ دیاری کرا.

کاک هاشم دواتر لە بەشەکانی دەرمانی، تەداروکات، حیسابداریی، بەشی ئامووزشی سیاسی، چاپەمەنی و تەبلیغاتدا

درێژەی بە ڕاپەڕینی ئەرکی پێ سپێردراو، بۆ ماوەیەکیش وەک، مامۆستای شۆڕشی ئەرکی خوێندەوارکردنی پیشمەرگەکانی وەئەستۆ گرت. ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی بۆ بنکەی پێوەندیەکانی دەرەوە لە شاری سلێمانی نەقڵ کرا، هەر بەو ئیمان و ئیرادەیەوە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پێسپێردراوی دا.

کاک هاشم بە هۆی چالاکی و هەڵسووڕی و باوەڕی پتەوی بە ڕێبازەکەی زۆر زوو سەرنجی هاوڕێیانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و گەیشتە پلەی کادری سیاسی و بە ئەندامی کومیتەی شارستانی شاری بانە هەڵبژێردرا. وەئەستۆگرتنی ئەو ئەرکە گۆڕەپانێکی تاقیکردنەوەی دیکە بوو کە لێهاتوویی و کارامەیی خۆی زیاتر تێدا سەلماند و بە کردەوە نیشانی دا کە لە توانای دایە ئەرکی قورستریش وە ئەستۆ بگرێ و خزمەتی زۆرتر بە خەباتی نەتەوەیی نەتەوە مافخوازەکەی بکا. لە خۆڕا نەبوو کە پاش ماوەیەک متمانەی زیاتری هاوڕێیانی وەدەست هێنا و بە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کومیتەی شارستانی بانە هەڵبژێردرا کە بەحەق هاوڕێیانی لەو هەڵبژاردنەدا بەهەڵە نەچوون و کاریان بە کارزان سپارد. لە ماوەی ئەو پۆستە گرینگەدا بەرپرسایەتی جۆراوجۆری وە ئەستۆ گرتن و لە هەموویاندا سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێنا.

کاک هاشم ساڵی ١٣٧٥ کە سەر داوای خۆی بۆ کۆمیتەی شارستانی ڕەبەت نەقڵ کرا و لەوێش لە ماوەیەکی کەمدا بە هۆی سەداقەت و ڕاستی و پاکی لە نێو دڵی هاوسەنگەرانی جێی خۆی کردەوە. سەرەڕای بەڕێوەبردنی ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی لەو کومیتەیەدا وەک مامۆستایەکی شارەزا بۆ خوێندەوار کردنی پێشمەرگەکان بە هەموو توانایەوە تێکۆشا. ساڵی ١٣٧٧ لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە بۆ بەشی پیوەندییەکان لە شاری بەغدا نەقڵ کرا و ئەرکی پێڕاگەیشتن بە نەخۆش و بریندارەکانی وە ئەستۆ گرت. هەروەها خاتوو سورەیای هاوژینیشی لە بواری ئاشپەزی و پێڕاگەیشتن بە کار و باری بنکە و خزمەت بە کادر و پێشمەرگەکان ئەوپەڕێ فیداکاری لە خۆی نیشاندا و ماندوویینەناسانە هەوڵی دا.

کاک هاشم ساڵی ١٣٨١ بۆ کۆمیسیونی کۆمەڵایەتی نەقڵ کرا و لە بەشی قەزاییدا ئەرکی وەئەستۆ گرت. ساڵی ١٣٨٢ بۆ کۆمیتەی ئەمنییەت بەڕێ کرا و بەو پەڕی لێهاتووییەوە لە خزمەت بەڕێوەبردنی ئەرکی پێ سپێراوی دابوو. دواتر لە کۆمیسۆینی سیاسی - نیزامیدا ئەرکی وەئەستۆ گرت و بە هۆی کارامەیی و سەرکەوتنی بەرچاوی لە بەڕێوەبردنی ئەرکی پێ سپیردراویدا گەیشتە پلەی ئەندامی ئەو کۆمیسیۆنە.

کاک هاشم یەکێک لەو کادرە باوەڕ بەخۆبووانە بوو کە لە یەکەم سەنگەری پێشمەرگایەتییەوە دەستی پێکرد و پلەی تەشکیلاتییەکانی یەک لە دوای یەک بەسەرکەوتنەوە بڕین. لە کۆنگرەی ١٥یەمی حیزبدا کە ساڵی ١٣٩١ بەڕێوەچوو، دەنگی متمانەی بەشدارانی کۆنگرەی وەدەست هێنا و بە ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرا. لە دابەشکردنی ئەرکەکانی

وەدوای کۆنگرە بەرپرسایەتی بەشی خەدەماتی پێسپێرا بەو پەڕی لێهاتووییەوە درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزیدا دوایین بەرپرسایەتی کاک هاشم لە بەشی پیوەندییەکانی کۆیە بوو کە لە بەڕیەوەبردنی ئەو ئەرکەشدا سەرەکەوتنی وەدەست هێنا بە هەموو توانایەوە لە خزمەت بەرژەوەندی گشتی حیزبەکەیدا بوو ئەوەی زۆرتر کاک هاشمی کردە جێی بڕوا و متمانەی هاوڕێیانی ئیمان و باوەڕی پتەو بە ڕێبازەکەی، نەزم و دیسپلینی پیداگر لەسەر بەڕیوەدردنی ئەو ئەرکە بڕیارەکانی حیزب بوو. بەڵام بەداخەوە ئەویش وەک هەزاران شەهیدی ناکامی گەلەکەمان چێژی لە بەری داری ڕەنج و تێکۆشانی وەرنەگرت و بە نامرادی سەری نایەوە. لە مووشەکبارانەکەی قەڵای دێموکرات گیانی بە نیشتمان بەخشی و تێکەڵ بە کاروانی سوورنیشانی گەلەکەمان بوو.

سەرچاوە: نامیلکەی "کاروانی سوورپۆشانی نیشتمان" لە ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٢٠ی کوردی - سێپتەمبەری ٢٠٢٠ زایینی

---





**بابە گیان شەش ساڵ بە ژمارە کەمە بەڵام بۆ ئێمە هەر رۆژێک بێ تۆ زۆر زیاترە لەوەی کە تەنیا بە ژمارەکان پێوانەیی بکەین.**

**هەمیشە و هەموو ساتێکی ژیان بە یادی تۆ و بیرەوەریە جوانەکانمان تێدەپەڕن.**

**خۆشمدەوێی باشترین باوکی دنیا.**






بێگومان هەستی بروا بەخۆبوون لای ژن یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی ژنێکی ماف زەوت کراو هەوڵی بەدەستهێنانی مافەکەی بدات لەو ڕێگەوە کە بروای بە خۆی و هەیە.

بە گشتی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کەمتر هەستی بروا بەخۆبوونیان بەرزەو هەر ئەم هۆکارەشە کە زۆرێک لە ژنان تا بە ئێستاش یان دوای تێپەربوونی تەمەنێکی زۆر لە ژیانیان ئەو زوڵم و توندوتیژیانەی لە لایەن بنەماڵەکانیان یان کۆمەڵگەکەیان بەرەوروویان دەبێتەوە قبوڵ دەکەن.

دەکرێت بڵێین کە بە گشتی بوونی چەند بۆچوونێکی هەڵە وەک ئەوەی کە ژن لە باری جسمانیەوە بێ هێزەو پیاو بەهێزترە، یان ئەوەی کە پیاو گەورەی ماڵە و یا دەبێت هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی پیاودا بێت، یان بوونی جیاوازی ئاستی خوێندەواری، یاخود جیاوازی ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی، یان جیاوازی دانان لە مەیدانی کار لە نێوان ڕەگەزی ژن و پیاو، و یان چەندین نمونەی دیکەی لەو شێوەیە کە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ژن نەتوانێت تا ڕادەیەک هەستی بروا بە خۆبوونی بەرز بێت یان هەر هەیبێت.

**ڕۆژە عەزیزی**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**پووشپەڕی ٢٧١٨ کوردی - جوولای ٢٠١٨ زایینی**

**نۆژەن کردنەوە: بەفرانباری ٢٧٢٤ی کوردی = جانێوێری ٢٠٢٥ی زایینی**



سەرچاوە Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ ڕۆژە عەزیزی بۆ نووسین و ئامادەکردنی  وتارو دیمانەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

